# ئەڵاس

چەردەیەک لە شیعری بیانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئەڵاس

چەردەیەک لە شیعری بیانی

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

**عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ**



پێشکەشە بە "ئاتین"ی هاوڕێ و کوڕم

ناوی کتێب: ئەڵاس – چەردەیەک لە شیعری بیانی
ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٦٤٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقیییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + فەرهاد ئەکبەری
سەرپەرشتیاری کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١١٦٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## له جیاتی پێشەکی

* شیعرێکم دەوێت کە گەورە نەبم تیایدا، بەڵکو تیایدا نەمر بم

"ئیڤان بۆڵەند"

* من دەنووسم تا چیرۆکێک بە خۆم بڵێم کە نە لە منداڵی و نە لە گەورەییدا نەمبیستووە و نە لە هیچ کتێبێکیش بەرچاوم نەکەوتووە.

"لۆرنا کرۆزیەر"

* بیروباوەڕی شاعیر لە شیعرەکەیدا لە هاتوچۆ دایە"

"ڕۆبەرت بلای"

* حەقیقەت ئەوەیە من هەرگیز دەستبەرداری شیعر نابم. دەشێ شیعر دەستبەرداری من ببێت کە ئەمە شتێکی ترە.

"مارگرێت ئات ود"

* ئەبستراکشن (تەجریدخوازی) چیرۆکێکی کۆنە لەگەڵ فەیلەسووفاندا، بەڵام یارییەکی نوێیە لە نێو دەستی هونەرمەندانی ئەمڕۆدا.

"ڕۆبەرت فرۆست"



* فیگەر بۆ شیعر وەکو فیگەری خۆشەویستی وایە، چەشنی پارچە بەفرێک لەسەر تەباخێکی گەرم. شیعر دەبێ سواری توانەوەی خۆی بێت. شیعر دەشێت زیاتر لە جارێک لەسەر بوونی خۆی کار بکات، بەڵام نابێت لەسەر بوونی خۆی دوودڵ و ڕاڕا بێت.

"ڕۆبەرت فرۆست"

* هەموو شیعرێکی جوان نیشاندەری (دەرخەری) پێکچوونی لێبوردەیین لە گوناهەکان.

"و. هـ. ئاودین"

* من ئەنووسم چونکە ئێستاش پێم وایە کە وشە سیحری خۆی هەیە و توانای گۆڕینی شتەکانی هەیە.

" لۆرنا کرۆزیەر"

* من دەنووسم بۆ چاکترین بەشی خۆم کە گوێگرەکانمن، دەنووسم لە حاڵێکدا کەسێک، یەکێک گوێی لێم بێت.

" لۆرنا کرۆزیەر"

* من و تۆ بە فیز و لووت بەرز نین. هەرگیز بەتەواوەتی لە دایک نەبووین. ئێمە مرۆڤین، کە لەدایک بوون بۆی، بالاترین پێشوازیی ئەفسانەیە. ئەفسانەی گەورە بوونیش ئەفسانەیەکە تەنیا ئەو کاتانە ڕوو دەدات کە ئێمە لەگەڵ خۆماندا ڕاستگۆ بین.

"تریی ستەیتمێنتس"

* شاعیر ئەو کەسەیە کە هەست دەکات و هەستەکەشی لە ڕێگەی وشەوە دەردەبڕێت. ئەمەش زۆر سانا دێتە بەرچاو، بەڵام وا نییە.

" ئی. ئی. کەمینگز"

* ئەگەر لە کۆتایی دە یان پانزە ساڵی کۆشش و کارکردن و هەستکردنت توانیت یەک دێڕ شیعر بنووسیت ئەوا لە ڕاستیدا تۆ زۆر بەختەوەریت.

" ئی. ئی. کەمینگز"

* ڕەخنەی ڕاستگۆ و تێگەیشتنی هەستیارانە، ڕاستەوخۆ لە سەرووی شاعیرەوە نین، بەڵکو لەسەرووی شیعرەوەن.

" ت. س. ئەلیۆت"

* شیعر دەتوانێت ستایلی کەمی و شوورەیی بپارێزێت، بەڵام ناتوانێت نەزۆکی (مردوویی) لە خۆیدا بپارێزێت.

" سیمۆس هینەی"

* لە ماوەی (لە کاتی) نووسینی شیعردا، ڕەگەزە هەمەڕەنگەکانی شاعیربوون، لە هاوسۆزی و بەرز و نزمبوونەوەدان لەگەڵ یەکتر. چاو و گوێ، ڕۆشنبیری و ئەڤین لە هەموو کاتێک زیاتر، کار لەیەکتر دەکەن.

" دەنیس لێڤەرتۆڤ"

* کاتێک دەنووسین هەروەک دەنووسین، چیرۆکێک دەگێڕینەوە. کە دەنووسم وەک خۆم دەنووسم چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە کە چۆن



جیهان دەبینم، چۆن دراوە پێم و چۆن وەری دەگرم.

" ب. پ. نیکۆڵ"

* شاعیران لە دەرەوەی کرمی ئاوریشم، ئاوریشم دروست دەکەن.

" وەیڵس ستیڤن"

* نووسەران ئەکتەرن و کتێبیش شانۆیە.

"وەیڵس ستیڤن"

* ئەدەب چاکترین بەشی ژیانە و ژیانیش ڕەنگدانەوەیە لە ئەدەبدا.

"وەیڵس ستیڤن"

* وەک بەرئەنجامێک لە ڕووخان، شاعیر دەبێت داهێنەر بێت.

"وەیڵس ستیڤن"

* شیعر سروشتێکە لەلایەن شاعیرەوە داهێنراوە.

"وەیڵس ستیڤن"

* شاعیران مرۆڤایەتی فەراهەم دێنن.

"وەیڵس ستیڤن"

* من خۆم شیعر بۆ هیچ شتێکی تر ناخوێنمەوە جگە لە تام و چێژ نەبێت. من تەنیا ئەو شیعرانە دەخوێنمەوە کە پێم خۆشن. ئەمەش مانای وایە دەبێت شیعرگەلێکی زۆر بخوێنمەوە، بەر لەدۆزینەوەی ئەوەی بە سۆراخییەوەم. بەڵام کە ئەو شیعرانە دەدۆزمەوە کە بە دڵمن ئەوسا دەڵێم "ئا ئەمانەن"و ئینجا بۆ خۆم بۆ تاموچێژ دەیانخوێنمەوە.

"دیلان تۆماس"

* نووسەری باش ئەو نووسەرەیە کە زمان بە کارامەیی دەپارێزێت

"ئەزرا پاوەند"

* ئەفسانەی هەر هونەرێک بریتییە بە نەمری مانەوەی (هەتا هەتایی بوونی).

"ئەزرا پاوەند"

* شیعر چاکترین وشەیە لە چاکترین سیستمی دەربڕیندا .

"سامویێل تایلەر کۆلارج"

* نووسەر پێویستە سەیر و نائاسایی نەنووسێت ئەمە کاری ڕۆژنامەنووسانە.

"جەیمس جۆیس"

* شاعیران دەتوانن لە زۆر شت ڕزگاریان بێت تەنیا هەڵەی چاپ نەبێت.

" ئۆسکار وایڵد"

* وشەی گونجاو لە شوێنی گونجاو، پێناسەی ڕاستەقینەی ستایل فەراهەم دێنێ.

"جۆناسان سویفت"

* " لە نێوان ئەوەی دەیبینم و ئەوەی دەیڵێم لە نێوان ئەوەی دەیڵێم و ئەوەی بە بێدەنگی دەیهێڵمەوە لە نێوان ئەوەی بە بێدەنگی دەیهێڵمەوە و ئەوەی خەونی پێوە دەبینم لە نێوان ئەوەی خەونی پێوە دەبینم و ئەوەی لە یادی دەکەم. . . . . شیعرە "

(ئۆکتاڤیۆپاز)



* هیچ شاعیرێک، هیچ هونەرمەندێک لە هەر بوارێکی هونەر، بەتەنیا هەڵگری مانای تەواو نین. بایەخ و پێزانینیان، پێزانینی پەیوەندییانە بە شاعیران و هونەرمەندانی بەر لە خۆیان.

(ت. س. ئیلیۆت)

* لە ڕاستیدا وشە بلۆکی باڵەخانەی شیعرە.

(ڕیچارد ئێلمان و ڕۆبەرت ئۆکڵەیر)

* میتافۆر لە دەرکەوتی ئۆریجناڵی ناواقیعییەوە شێوازی نوێی واقیعی دادەهێنێت.

(وەیڵس ستیڤنس)

**تێبینی:**

ئەم تێڕوانینانەی سەرەوەی شاعیران و نووسەرانی ئینگلیزیم لە چەند سەرچاوەی جیا جیا وەرگرتوون کە ئەمانەن:


1- 20 th Century Poetry & Poetics Edited by Gray Geddes Fourth Edition Canada 1996

2- The Writing & Publishing Program Simon Fraser University Canada_Vancouver 2006 -2007

3- Modern poems A Norton Introduction Edited by Richard Ellmann & Robert O’Clair Second Edition USA 1989

# چەند شیعرێکی خۆشەویستی

# تیشک

نووسینی: فرانسیس و. بۆردیلۆن

تیشک هەزار چاوی هەیە
ڕۆژ تەنیا یەک
بەڵام لەگەڵ مردنی خۆر
جیهانی ڕووناکیش ئەمرێ

مێشک هەزار چاوی هەیە
دڵ تەنیا یەک
بەڵام تیشکی هەموو ژیان دەکوژێتەوە
کە خۆشەویستی تەواو دەبێت.

شاعیر و وەرگێڕی ئینگلیزی فرانسیس ولیەم بۆردیلۆن لە ٢٢ی مارسی ١٨٥٢ لە ئینگلتەرا لە دایک بووە. خوێندنی لە کۆلیژی وێرسێستەر لە زانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندووە و مامۆستای کوڕی شازادە بووە.

فرانسیس لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ناسرا بە تایبەت شیعرە کورتەکانی. فرانسیس چەندین کۆمەڵە شیعری بڵاو کردووەتەوە لەوانە:

١–لە نێو گوڵەکاندا و هەندێک شیعری تریش، شیعر ١٨٧٨



٢–جێرارد و ئیزابێل، شیعر ١٩٢١
٣– وەرگێڕانی (Aucassin et Nicolette) لە ١٨٨٧
٤– نووسینی (Roman de le Rose) لە ساڵی ١٩٠٦

دواجار فرانسیس لە ١٣ی جانیوەری ١٩٢١ ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

# فەلسەفەی خۆشەویستی

نووسینی: پێرسی بایشی شێلەی



فوارەکان دەڕژێنە نێو ڕووبار و
ڕووبارەکانیش تێکەڵ بە ئۆقیانووس دەبن
بایەکانی بەهەشتیش بۆ یەکجاری
لەگەڵ هەستێکی شیریندا لێک دەئاڵێن
هیچ شتێک لەم جیهانە تەنیا نییە
هەموو شتێک بەپێی یاسا ئاسمانییەکان
لەگەڵ شتێکی تردا تێکەڵ دەبن
بەڵام بۆچی من لەگەڵ تۆ تێکەڵ نابم؟

دەبینی شاخەکان چۆن ماچی ئاسمانە بەرزەکان دەکەن
شەپۆلەکانیش ئاوێزانی یەکتر دەبن
هیچ خوشکە گوڵێک لێی نابووردرێ
گەر بێز لە برای گوڵی بکا
هەروەها تیشکی خۆریش ئامێز بە زەویدا دەکا و
تریفەی مانگیش ماچی دەریا دەکا
ئەم هەموو ماچانە چ بەهایەکیان هەیە
ئەگەر تۆ ماچم نەکەی؟



پێرسی لە٤ی ئۆگۆستی ساڵی١٧٩٢ لە هۆرشام لە ئینگلتەرا لەدایک بووە و گەورەترین منداڵی نێو ٧ منداڵەکەی خێزانەکەی بووە. پێرسیی لاو دەچێتە ئەکادیمیای (SION HOUSE) پێش چوونی بۆ کۆلیژی (ETON) لە ساڵی ,١٨٠٤ گەرچی ماوەی ٦ ساڵی کۆلیژ بۆ پێرسی ناخۆش بوو، بەڵام بیروڕای ئایدیالیزم و مشتومڕ هەڵگری فەلسەفیی گەشەی سەند و لەم ماوەیەدا دوو بەرهەمی بڵاو کردەوە (GOTHIC ZASTROZZI) لە ساڵی ١٨١٠ و (NECESSITY OF ATHISM) لە ساڵی ,١٨١١. پێرسی دەڵێت "ئەگەر مەعریفەی خوا پێویستیترین شت بێت، ئەی بۆچی ئەو مەعریفەیە بەڵگەدار و ڕۆشن نییە؟"
پاش دەرکردنی پێرسی لە کۆلیژی ئۆکسفۆرد بە هۆی دەربڕینی تێڕوانینی سەبارەت بە وەرزش و جیابوونەوەی لە باوکی دەکەوێتە شوێنی (HARRIET WESTBROOK)ی شانزە ساڵان و دەچنە سکۆتلاند و لە ٢٨ی ئۆگۆستی ١٨١١ زەماوەند دەکەن و کچێک و کوڕێکیان دەبێت. پێرسی لە ٣ ساڵی پاشتر سەرقاڵی هاتوچۆی نێوان لەندەن و سکۆتلاند دەبێت و بەردەوام دەبێت لە شیعر نووسین و لە ساڵی ١٨١٣ (A PHIL-OSOPHICAL POEM) دەنووسێت. لە ساڵی ١٨١٥ پێرسی دەگەڕێتەوە لەندەن و نیشتەجێ دەبێت، بەڵام ژیانی لە هەڵکشان و دابەزیندا دەبێت. باپیری دەمرێت و مێردەکەی خۆی فڕێ دەداتە ناو ڕووبارەوە و لە ٣٠ی دیسەمبەری ١٨١٦ ژیانی هاوسەری پێک دێنێتەوە و هەر لەو ساڵە کتێبی (THE SPIRIT OF SOLITUDE) بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ١٨١٨

دەچێتە ئیتالیا و ساڵی دواتر کوڕێکی دەبێت و بەردەوام دەبێت لە نووسین و گەشت تا لە ٨ی جولاَی ١٨٢٢ بەلەمەکەی نقووم دەبێت و دەمرێت. پاش مردنی سەرجەم بەرهەمەکانی پێرسی وەک وەفایەک لەلایەن مێردەکەیەوە لە ساڵی ١٨٢٤ بلاَو دەکرێتەوە.

یادەوەری و تۆماری مێژوویی پێرسی شێلەی ئێستا لە زانکۆی ئۆکسفۆردە لە لەندەن.



## یادت دەکەم

شیعری: دەیڤد گۆری

یادت دەکەم یادت دەکەم، یادت دەکەم
هەرچی دەکەم
زایەڵەی پێکەنین و دەنگی تۆیە
تۆ لە هەموو سوچێکدای
لە هەموو ئاوڕدانەوەو پێچکردنەوەیەکدای
لە هەموو جێ و شوێنێکی زانراو
دەچرپێنن کە چۆن یادت دەکرێ

یادت دەکەم یادت دەکەم، یادت دەکەم
هەر شوێنێک دەچم
یادەوەری کاریگەری لێیە و بە ڕیزەوە سەما دەکەن
سێبەر و ڕوخساریش لە سیماوە
گەنجینە وحەقیقەت لە گشت شوێنێ ڕادەماڵێ

ئاه، یادت دەکەم من، یادت دەکەم
ئەی خودا گیان چەند یادی ئەو کچە دەکەم
بێزارییەکی بێدەنگ و نامۆ

له نێو گێژاوێکی ماندوو
ساده و ساکار وەکو کارە ڕۆتینییەکانی ڕۆژانەم
له گەڵمدا چاوەڕوان بە
چاوەڕوانیی وشەیەکم لە تۆوە بێت.

یادت دەکەم یادت دەکەم یادت دەکەم
ئێستا شتەکان بەڕاستی دەرناکەون
تەنیا ئەو بەهەشتە نەبێ
کە لەگەڵ تۆدا بم.



## خۆشەویستی

شیعری: ڕۆی کرۆفت

خۆشم ئەوێی
نەک لەبەر ئەوەی کە چیت
بەڵکە لەبەر ئەوەی من کێم
کاتێک لەگەڵ تۆدا دەبم

خۆشم ئەوێی
نەک لەبەر ئەوەی چیت بۆ خۆت کردووە
بەڵکە لەبەر ئەوەی چیت بۆ من کردووە

خۆشم ئەوێی
بۆ ئەو پارچەیەی
تۆ لە لەشمت هێنایە دەرێ
خۆشم ئەوێی
چونکە دەستت خستە نێو قۆمەتی دڵم و
بەسەر هەموو شتە لاواز و لێڵەکاندا گێڕات
کە توانای بینینیانت نەبوو
بۆ وێنەکێشانیان لە نێو تیشکدا

هەموو شتە جوانەکانیش هی ئەوانەن
کە هیچ کەسێک لەو دوورەوە
نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە

خۆشم ئەوێی
چونکە تۆ کۆمەکم دەکەی
تا ژیانی پڕ لە زەحمەتم نەبێت بە مەیخانە
بەڵکە ببێت بە پەرستگا
لە دەرەوەی کاری هەموو ڕۆژەم
ببێت بە گۆرانی
نەک بە گلەیی پرتەو بۆڵە

خۆشم ئەوێی
لەبەر ئەوەی تۆ لە هەموو ئاینەکان زیاترت کرد
هەتا باش بم
لە هەموو چارەنووسێکیش زیاتر
بۆ ئەوەی بەختەوەر بم

تۆ ئەمەت کرد
بەبێ دەست لێدان
بەبێ درکاندنی وشەیەک



بەبێ ئەوەی گۆرانی بڵێی
تۆ ئەمەت کرد
چونکە خۆت بووی
دەشێ ئەمە لە دواجاردا مانای هاوڕێیەتی بگەیێنێ.

## هەموو ڕێگاكان دەمبەنەوە لای تۆ

شیعری : بلەینش شۆماكار

ڕێگاكان دەمبەنەوە لای تۆ
هەر كاتێک ون ببم
لە كۆتایی ڕۆژیشدا
تۆ ئەستێرەی ئێوارانمی

ڕێگاكان دەمبەنەوە لای تۆ
ڕێ ڕوو لە هەوراز بێ یان لە خوار
تۆ دار حەیزەرانی سپیت
لە درەوشانەوەی خۆردا

ڕێگاكان دەمبەنەوە لای تۆ
لە هەر شوێنێک پێچ كەمەوە
تۆ گۆرانیی كڵاوكوڕەی
بانگم دەكەیتەوە بۆ ماڵ.

**سەرچاوەكان :**


1- Best Loved Poems of the American People
Selected by: Hazel Felleman
New York U.S.A. 1973
2- http://www.online-literature.com/shelley_percy/
3- http://en.wikipedia.org/wiki/F.W._Bourdillon




## گوناهە سووتاوەكانی كیشوەری ڕەش

"هەڵبژاردەیەک لە شیعری ژنە شاعیرەكانی
ئەفریقای باشوور"

سەرنجێک لە گۆشەنیگای وەرگێڕەوە:

كتێبی"شكانی بێدەنگی" كە لەلایەن "سیسلی لۆكێت"ەوە[١] ئامادەكراوە و بڵاو كراوەتەوە بریتییە لە یەک سەدە لە شیعری ژنانی ئەفریقیای باشوور. ئەم كتێبە چەند تایبەتمەندییەكی لە خۆ گرتووە كە دیارترینیان فیمینیست بوونی كارەكەیە. لۆكێت لەم ڕێگەیەوە تەواوی دەنگە لێكنەچوو و هاوشێوەكانی ژنانی شاعیری ئەفریقای باشووری كۆكردۆتەوە و بەمەش پەیامی جۆرە تەحەددایەكی داوە بە گوێی سەرجەم كۆمەڵگەی ئەفریقای باشوور و جیهان، كە ژنانی ڕەشپێست لە بەرامبەر ستەم و چەوسانەوە و بێمافیی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی ئاپارتاید بێدەنگ نەبوونە و بێدەنگیش نابن. ژنانی شاعیری كیشوەری ڕەش، ئەگەر بەشدارییەكانیان دژی زوڵم نا یەكسانی بچووكیش بووبێت، ئەوا هیچ لەو ڕاستییە كەم ناكاتەوە كە هاودەنگ بوون و یەكبوون لە خەبات لە پێناو ئازادی، پتەوتر و بە هێزتر دەبێت. لۆكێت چاک دەركی بەو ڕاستییە كردووە كە ئەگەر ژنان خۆیان بە شوێن خواست و داواكاری و هەروەها

خۆیان بە شوێن ئامانجەکانی خۆیانەوە نەبن، ئەوا پیاوان بە پێی سروشتی باڵادەستییان لە کۆمەڵگە ئەو کارانەیان بۆ ئەنجام نادەن. ژێر دەستە بوونی ژنانی ئەفریقیای باشوور و ستەمێک کە لەلایەن پیاوانەوە ڕوو بە ڕووی دەبنەوە خۆی لە خۆیدا کەلێنێکی مەزن و شەقێکی گەورەیە لە خەباتی ئازادیخوازانەی ژنان و پیاوان. ئامانجی لۆکێت لەم کتێبە هەر تەنیا بەرجەستە کردنەوەی دەنگی ژنانی ڕەش پێستە لە ئەنجامی ژێردەستە بوون و خەفەقانی کۆمەڵگا، بەڵام جیاکردنەوەی ئەم دەنگانە لە دەنگی پیاوانێک کە دوچاری هەمان بارودۆخی دژوار و چەوساوەی دەستی هەمان سیستەمی ڕەگەزپەرستین و هەمان هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان هەیە، جێگای ڕەخنەی توندە و لە بنچینەدا خاوکردنەوەی ڕەوتی خەباتی مرۆڤە ڕەش پێستەکانە لە پێناو ئازادیدا. دیارە ئەم ڕەخنەیەی ئێمەش هیچ لە بەهای کارەکە و کۆششی لۆکێت کەم ناکاتەوە کە بە هەق مێژووی ئەدەبی ئەفریقیای باشوور قەرزاری ئەم هەوڵ و دڵسۆزییەی لۆکێتە، لۆکێت لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەنووسێت، " ئامانج لەم کۆکراوەیە شکانی ئەو بێدەنگییەیە لە کلتووری شیعریماندا، بۆ لابردنی ئەو ترادیسۆنە و گۆڕینی لە ڕێگەی پڕ کردنەوەی ئەم بێدەنگییە بە دەنگی ژنە شاعیرەکانمان". لۆکێت دەزانێت کە دەنگی پیاوان بە بێدەنگی ژنان بۆشایی تێ دەکەوێت و دەبێت پڕ بکرێتەوە. دەنگی ژنانیش زۆربەی جار لە پەیوەندییەکی مێیینە دەدوێت. لۆکێت دەنووسێت "ژنانی شاعیر زۆربەی جار



زۆر هەستیارانە دەربارەی پەیوەندییان بە ژنانی ترەوە دەنووسن جا ئەو ژنە یان هاوڕێیە یان دایکە یان کچە". لە ڕوانگەی خودی دەقەکانەوە هەست بە شێوازی پەیوەندییەکان دەکرێت کە تا چ حەددێک ئەم پەیوەندییانە قووڵ و پتەون یان ساکارن و لەلایەکی ترەوە دۆخی سایکۆڵۆژی شاعیرەکانمان بۆ دەردەخەن دەرهەق بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خەبات و ژیان.

(ع. س، مەشخەڵ)

---

(١) سیسلّی لۆکێت بڕوانامەی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی ئەفریکای باشوور و زانکۆی نەتال وەرگرتووە. وانەی لە بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی نەتال لە دوربان وتۆتەوە و ئێستاش لە زانکۆی "ڕاند ئەفریکەن"لە جۆهانستۆن خەریکی وانە وتنەوەیە.

## بۆ ژنێکی ڕەش پێست

شیعری: فاتیمە دیک

ژان پیرە
ژان قووڵە
ژان شەخسییە
ددان ئێشەیە لە چوار ساڵیدا و
دڵشکانە لە شازدە ساڵی و
ژانی مناڵ بوونە لە بیست و چوارساڵیدا
ئێستاش ژانی کچ بوونە لە شەست و چوار ساڵیدا
خۆڕاگریش سنووردارە و
ترسنۆکیش بەرەو شوێنێکی دوور دەبات.

فاتیمە دیک لە ساڵی ١٩٤٨ لە "لانگە". نزیک شاری"کەیپ"لە دایک بووە و چووەتە قوتابخانە لە "ڕەستێنبێرگ"و پاشان لە بواری شانۆ کەوتووەتە کارکردن وەک بەڕێوەبەری شانۆ لە "Space Theatre " لە شاری "کەیپ". فاتیمە دیک بە پلەی یەکەم وەک شانۆنامە نووسێک ناسرا. یەکەم شانۆی بە ناوی"The Sac-rifice Kreli "لە ١٩٧٦ بڵاو کردەوە و پاشان کۆکراوەی "Theatre One " لە ساڵی ١٩٧٨ بڵاوکردەوە. دواتریش کتێبی"The First South African " لە ساڵی ١٩٧٩ دا بڵاو کردەوە.



## کاریگەری

شیعری : ڕۆز ئۆسکۆویتز

گەر وشەی تۆ لە شیعرێکی خۆم دابنێم
ناوی کێی دەچێتە سەر
گەر بێجووڵەییت بخەمە نێو ڕستەیەکمەوە
ئەو ڕستەیە ڕستەی تۆ دەبێت یان هی من
گەر بە باوەڕی تۆ بیر بکەمەوە
بیرکردنەوەکان دەبنە هی من
گەر بنووسم
ئەو نووسینە ناوی کێی دەکەینە سەر؟

# شیعر

شیعری : وێندی ویڵسن

تۆ تەنیا دەتەوێ ببم
دەتەوێ ببم بە ژنە گسکێکی کارەبایی
لەگەڵ شوشتنی خەمەکانم
تۆ تەنیا دەتەوێ بمکەی بە خۆشەویستی خەونەکانت
تۆ تەنیا دەتەوێ تێرت بکەم و
بەرزت بکەمەوە بۆ ئاسمان
تۆ تەنیا دەتەوێ بمکەی بە عەقڵی خۆت
سکم پڕ کەی بە منداڵە شیعر و
بۆ ئەوەی لە بێدەنگییەکی قێزەوندا بژیم
بۆ گوێگرتن لە ئاخی تۆ و توورەییی من
تۆ تەنیا دەتەوێ ئێمە بە وشەگەلێک بدوێین
کە هیچ مانایەکیان نەبێت
تۆ ناتوانی گۆرانییەکانم ببینی
تۆ ناتوانی گوێ لە ئاسوودەییم بگری
من دەمەوێ شیعرەکانم تەنیا بۆ مناڵەکانم بێ
خۆشەویستیمان ئێستاکە پڕە لە زیندوویێتی و ژیان



بەڵام بوەستە تا دەستی مەرگی دەگاتێ
ژانی ئازار بەخشیش ئێمەی چەماندۆتەوە
کەوا چاکترە لێی گەڕێین

١٩٧٣

# ژنێکی ئەفریکی

شیعری: کیم وەیت

ویستم سکێچت بۆ بکەم
وەک چۆن کار دەکەی
وەک چۆن دەژیت
وەک چۆن خۆشەویستی دەکەی

بۆیە و قەڵەم و مەرەکەب و
پارچە قوماشێکم دەرهێنا

چاوەکانم کردەوە
تابلۆی تۆم بینی
سکێچی تۆم بینی
ئیتچی[١] تۆم بینی

نەک لەسەر پارچە قوماشێک
بەڵکو لەسەر
گردەکان و
لە بیابان و شارەکان



کاروو، تافێڵبێرگ، دوربان، سۆویتۆ[٢]
خاکی : تاونی، سیپیا، دەسک[٣]

ئەی ژنە ئەفریقییەکە
پۆرترەیتی تۆ
لە پێشانگای خۆتدا دەژێت.

---

(١) ئیتچی وێنەی دروستکراوە لەسەر قاپ بە هۆی ترش
(٢) چەند شوێنێکن لە ئەفریقیای باشوور
(٣) چەند ڕەنگێکی جیاوازن کە ڕەنگی خاکی پێکهاتەیان پێکدەهێنێت.

## دایکێکی پەناهەندە

شیعری : دی سێپتەمبەر

لە دونیای شەڕ و شەوە جەنجاڵەکاندا
وشە وەکو فەرهەنگ زمان پڕ دەکات
بەڵام دڵی پێ پڕ نابێت
خەون دەگوشێ و خوێنی لێ دەچۆڕێنێ
لە چاوەکانیشیەوە گژوگیای وشک شین دەبێت
وەک ڕوانی پەلکە دارێکی ڕەش لە دارستانی خۆڵەمێش

هەم زەمەن و هەم ناوی خۆی لە یاد دەکات
هەتاو برژێنەرە و ڕێگاش درێژو خۆڵاوی
تەنیا شتێکی لە یاد بێت هەر ئەوەیە کە دایکە
مەنجەڵێکی بەتاڵی بە دەستەوەیە لەگەڵ سکێکی پڕ لە ئازار

لە شەوێکی هەرە ماندووی شەڕدا
ترێی برسێتی بۆ پارووەیەک لە ئازادی
دەم دەنێتە مەمکە شل و شاوەکانی
پەنجە بەتاڵەکانیشی دەلێسێنێتەوە بۆ تامکردنی ئاشتی



تەنیا شتێکی لە یاد بێت
ئەوەیە کە دایکی منداڵانی هیوایە و
دایکی سەردەمی نوێیە
مێژوو دادەهێنێ بۆ فرمێسکە شاراوەکانی و
مێژووش بە خوێن دەنووسێتەوە
بۆ پاڵەوانە شەهیدەکان.

١٩٨٧

## ژن

شیعری : ندالینی ڕادێبی

تۆ ئاشتی بۆ زەوی دێنی

تۆ مەزنی

تۆ دایکی

لە مێوانخانە هیچ ژوورێکی بەتاڵ نەبوو

تۆ لە نێوان مەرگ و ژیندا بووی

ڕادێبی ندالینی لە ساڵی ١٩٦٠ لەدایک بووە و لە شاری " سێبۆکینگ" لە پریتۆریا دەژێت. ڕادێبی دوو منداڵی هەیە و لە ساڵی١٩٨٣ەوە شیعر دەنووسێت.



## کرێکارێک

شیعری : پۆرتیا ڕانکوەین

من زۆر زۆر لە ماڵەوە دوورم

ڕێگا خۆڵاوییەکانی بەرەو "جۆنسبێرگ"م بڕی

بۆ گەڕان بە شوێن کاردا، هەر کارێک کە چنگم بکەوێت

ساڵانێک زووتر دابڕام بەهۆی بارودۆخی دژوار

زۆر کەم چووم بۆ قوتابخانە و کەمیش فێر بووم

بەڵام دونیایەک ئاگایی و ڕۆشنبیریم

سەبارەت بە ژیانی خۆم و کەسانی وەک خۆمم هەیە

ئەوەش دەزانم کە دەبێت کار بکەم بۆ ناردنی مناڵەکانم بۆ قوتابخانە

ئەم کارەش ئاسان نییە، گران و پشت شکێنە

ماڵی گەورە، گانگۆڵەکەر و سەگ و

هەموو شتومەکەکان و تەنانەت ئۆتۆمبێلەکەش

هەموو بایی دڵۆپێکن لە دەریای کرێی ئێجگار کەم،

هەموو ئەمانە تەنانەت بەشی مەسرەفی خوێندن ناکەن

تەنانەت بەشی دوورخستنەوەی گورگێک ناکەن لە دەرگاکان

پۆرتیا ڕانکوەین لە ساڵی ١٩٦٣ لە دایک بووە و لە شاری "میدۆولاند" لە سۆویتۆ دەژێت. پۆرتیا منداڵێکی هەیە و یەک کۆمەڵە شیعری بڵاوکردووەتەوە لە ژێر ناوی "Moment of Truth".



## ئیمیلی دیکینسۆن

شیعری : مارگرێت گۆف

"نارۆم لە ماڵ"
نەخێر، بۆ ئێروکانە
بۆ بیرێکی سادە و ساکار
هیوایەکی زۆر دەخوازم.

مۆم و نان و فڕین
دەرگایان خستە سەر پشت
بۆ زیاتر فەراهەم بوونی
هەنگ و پەپوولە و ئەستێرە

نامە بەتەنیا و
بە ئێشکگری بخوێندرێتەوە
خۆشەویستیش ئێستا لە پشت ڕەفەکانەوە
ژیانێکی تەنیاییە

دوایین ئاماژە و دوا وشە

ئامادە بوونە بۆ فێربوون
لاوانەوە و سندووقێک و گیای ئازاربەخش
نیگەرانیی توندی ئەوە

بەڵام مەرگ نە بۆ هەناسەیی بڕاو و
نە بۆ شانازی
ڕۆبی نەمریی لەبەر دڕاند.

١٩٦٧-١٩٧٥



# بڵێ نەخێر

شیعری: گسینە مهلۆپ

بڵێ نەخێر، ئەی ژنە ڕەش پێستەکە
بڵێ نەخێر
کاتێک بە کوڕە بێکارەکەت دەڵێن
چەقۆکێش
بڵێ نەخێر

بڵێ نەخێر
بڵێ نەخێر، ئەی ژنە ڕەش پێستەکە
بڵێ نەخێر
کاتێک بە مێردە تەمەن ٦٠ ساڵەکەت دەڵێن
کوڕ
بڵێ نەخێر

بڵێ نەخێر
بڵێ نەخێر، ئەی ژنە ڕەش پێستەکە
بڵێ نەخێر

کاتێک لە دەستبەسەریدا
دەستدرێژی دەکەنە سەر کچەکەت و
پێی دەڵێن سۆزانی
بڵێ نەخێر

بڵێ نەخێر
بڵێ نەخێر، ئەی ژنە ڕەش پێستەکە
بڵێ نەخێر
کاتێک بە خوشکە سپیپێستەکەت دەڵێن
مادام
بڵێ نەخێر

بڵێ نەخێر
بڵێ نەخێر، ئەی ژنە ڕەش پێستەکە
بڵێ نەخێر
کاتێک بە برا سپیپێستەکەت دەڵێن
گەورەم(*)
بڵێ نەخێر

بڵێ نەخێر
بڵێ نەخێر، ئەی ژنە ڕەش پێستەکە



بڵێ نەخێر
کاتێک بە هەڵسووڕاوی سەندیکا کرێکارییەکەت دەڵێن
تیرۆریست
بڵێ نەخێر

بڵێ نەخێر
بڵێ نەخێر، ئەی ژنە ڕەش پێستەکە
بڵێ نەخێر
کاتێک لە کورسیی پشتەوەی پاست دادەنێن
بڵێ نەخێر
بەڵێ ئەی ژنە ڕەش پێستەکە
نەخێرێکی گەورە بڵێ.

---

(*) گەورەم: ئەم وشەیەم لە بری وشەی(Baas) داناوە کە فۆرمێکی ناولێنانە بۆ پیاوی سپی پێست لە وڵاتی کۆماری ئەفریکای باشوور.

مەهلۆپ گسینە ئەکتەرێکی خاوەن خەڵات و شاعیر و نووسەرە کە سەرەتا بە ڕۆژنامەنووسی دەستی پێ کرد. ساڵانی ١٩٨٩ _ ١٩٩٠ دەرهێنەر بووە لە "Market Theatre" و بە هۆی شانۆگەریی"You Have Seen Zandile " کە نووسین و نواندنی خۆی بوو و هەروەها بەهۆی هونەری خوێندنەوەی چیرۆکەوە ناوو ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد.

## کرێکارانی خۆماڵی

شیعری: سولابابا

پێمان دەڵێن کچان، پێمان دەڵێن خزمەتکار
وەک ئەوەی بچووک بین
وەک ئەوەی منداڵ بین

پێمان وترا چی بکەین
پێمان وترا چی بڵێین
پێمان وترا چۆن بیر بکەینەوە
پێمان وترا چی لەبەر بکەین

ئێمە ژنین، ئێمە دایکین
جەستەمان بەهۆی کاری قورسەوە تۆکمە و بە هێزە
دڵمان بە هۆی ئازار چەشتنەوە گەورەیە

خەبات دەکەین دژ بە برسێتی
خەبات دەکەین دژ بە هەژاری
خەبات دەکەین دژ بە نەخۆشی



خەبات دەکەین دژ بە ستەم

ئێمە ژنین، ئێمە دایکین
کاری قورس جەستەمان تێک دەشکێنێ
حەسرەت چەشتن دڵمان دەوەستێنێ

گرفتی ئێمە ئەوەیە دەژیین بە تەنیایی
گرفتی ئێمە ئەوەیە کار دەکەین بە تەنیایی
گرفتی ئێمە ئەوەیە دەچەوسێینەوە و هەر تەنیاین

بەڵام هاوڕێیەتی بەدەست دێنین ئەگەر یەکتری بناسین
وەڵامەکان دەدۆزینەوە ئەگەر لەگەڵ یەکتر بدوێین
بەهێز دەبین ئەگەر پێکەوە کار بکەین و
دڵمان لێوان لێو دەبێت لە هیوا، ئەگەر پاڵپشتی یەکدی بین.

١٩٨٧

# ئێمە لە جەنگداین

شیعری : گسینە مهلۆپ

ئەی ژنانی وڵاتەکەم
گەنج و پیر
سپی و ڕەش
ئێمە لە جەنگداین
بایەکان دژ بە ئێمە هەڵیان کرد
یاساکان دژ بە ئێمە داڕێژران
ئێمە لە جەنگداین
بەڵام نائومێد مەبە
ئێمە هەر سەردەکەوین
با بجەنگین
بەردەوام بۆ پێشەوە و هەرگیز نەگەڕێینەوە پاش

ئەی ژنانی وڵاتەکەم
دایکان، کچان
ژنانی کارگەر و ژنانی ماڵەوە
ئێمە لە جەنگداین



دابونەریت دژ بە ئێمە بنیادنراوە
ئایینەکان دژ بە ئێمە لە سەنگەردان
ئێمە لە جەنگداین
بەڵام بێ ئومێد مەبە
بەرەو سەرکەوتن هەنگاومان ناوە
با بجەنگین
بەردەوام بۆ پێشەوە و هەرگیز نەگەڕێینەوە پاش

ئەی ژنانی وڵاتەکەم
دایکی ئەفریقا کچەکانی خۆش دەویست
ڕەش و سپی
ئێمە لە جەنگداین
هێزە خاوەن کردە مەزنەکان
ئەفریقای دایک و کچەکانی و ئێمەشیان ڕیسوا کرد
پێکەنینە دایکایەتییەکەشی پووچە
دەیبینی مناڵەکانی دەفرۆشران
کۆتی کۆیلەتی چەند سەدەی لە ملدایە
ئێستا کاتی گریانمان نییە
چەندین ڕووبار فرمێسکی ڕشت
ئەوە چییە ڕووباری نیل هاژە دەکا ئەگەر فرمێسکی ئەو نەبێت
ئەوە چییە ڕووباری کۆنگۆ خوڕەی دێت ئەگەر فرمێسکی ئەو نەبێت

ئەوە چییە ڕووباری زامبێزی هاژە دەکا ئەگەر فرمێسکی ئەو نەبێت
ئەوە چییە ڕووباری لیمپۆپۆ دەلرفێنێ ئەگەر فرمێسکی ئەو نەبێت
ئەوە چییە ڕووباری سەکیلە شالاو دێنێ ئەگەر فرمێسکی ئەو نەبێت
ئەی ئەوە چییە ڕووباری کای خوڕەی دێت ئەگەر فرمێسکی ئەفریکای دایک نەبێت
ئەی ژنانی میسر و لیبیا
فرمێسکەکانی لە ڕووباری نیل بخۆنەوە
ئازایەتی و قارەمانیتان دەچێتە سەر
ئەی ژنانی کۆنگۆ و لیبیریا
فرمێسکەکانی لە ڕووباری کۆنگۆ بخۆنەوە
لە کەمتەرخەمی ڕزگار دەبن
ئەی ژنانی زامبیا و زیمبابۆ
فرمێسکەکانی لە ڕووباری زامبێزی بخۆنەوە
تێگەیشتنتان دەچێتە سەر
ئەی ژنانی باشوور و خۆرئاوای ئەفریقا
فرمێسکەکانی لە ڕووباری لیمپۆپۆ بخۆنەوە
ئەوسا ڕزگاری دەبین
ئێمەی ژنانی ئەفریقا کۆت کراوین
ڕووەو بای هەڵکردوو دەڕۆین
با بجەنگین
بەردەوام بۆ پێشەوە و هەرگیز نەگەڕێینەوە پاش.



## پرسیارێکی قورس

شیعری : کارین پرێس



ئۆه دایکی ئازیزم، کاتێک شۆڕش بەرپا دەبێت
چی بەو پیاوە کەتە و زەبەللاحە ڕەش پێست و
تفەنگ بەدەستانە بڵێم
بپاڕێمەوە لێیان تا تەقەمان لێ نەکەن
داکۆکییان لێ بکەم تا بمانپارێزن
کاتێک لێم دەپرسن بۆ، بڵێم چی؟
تۆ وات فێر کردم چۆن برا بچکۆلەکەم خۆش بوێ
تۆ وات فێر کردم چۆن خێرخوازانە بەخشندە بم
تۆ هەمیشە وات فێر کردم بەر لە خۆم بیر لە کەسانی تر بکەمەوە
جا نرخەکەی هەر چییەک بێت.

تۆ نیشانت دام چۆن دەرگا بە توندی
بە ڕووی سواڵکەرێکی ڕەش پێستدا کڵۆم بدەم
وات لێ کردم بۆنی هەناسەی کوڕە ڕۆژنامە فرۆشەکە بکەم
وریات کردمەوە کە زۆر خۆم هەڵنەقرچێنم
بە درۆ و ترس و ڕق و مەرگ پەروەردەت کردم
کە لە نێو لوولەی ئەو تفەنگەوە بۆنێکی پیسی لێوە دێت

ئۆه دایکی ئازیز، کاتێک شۆڕش بەرپا دەبێت
تۆ چی دەڵێی ئەگەر ڕاپەڕین و
تفەنگەکانمان ڕوو لە کەسانی تر بکەین
دەپارێیتەوە لێم هەتا تەقەت لێ نەکەم
داوام لێ دەکەی بتپارێزم
ئەی کە ئەوان فەرمانیان دا تەقە بکرێت
من چی بکەم؟

کارین پرێس لە شاری "کەیپ" لە ئەفریقیای باشوور لە ساڵی ١٩٥٦ لە دایک بووە. مامۆستای ماتماتیک و زمانی ئینگلیزی بووە و لە ساڵی ١٩٨١ وە خەریکی پرۆژەی ڕۆشنبیرییە. کارین حەوت کۆمەڵە شیعری بڵاوکردووەتەوە و ئەوە جگە لە نووسینی چەندین کتێب سەبارەت بە ماتریاڵی ڕۆشنبیری لە بوارەکانی ماتماتیک و ئابووری و زانست و زمانی ئینگلیزی و هەروەها چیرۆکی منداڵان و سیناریۆی فلیم. لە ساڵی ١٩٨٧ وە کۆمەڵەی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەناوی "Buchu " دامەزراند.

شیعرەکانی کارین لە ئەنسۆلۆژییەکانی ئەفریقیای باشوور دا دەرکەوتن لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩_ ٢٠٠٢ و هەروەها لە ژمارەیەکی زۆر لە گۆڤار و ڕۆژنامەی هەمەجۆر بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

**بڵاوکراوەکانی کارین پرێس**

١- ڕاگەیاندنی فریاگوزاری ١٩٨٥



٢- زستان بەڕێوەیە ١٩٨٦
٣-دڵی باڵندە دڵی دەریا ڕەق دەکات ١٩٩٠
٤- مێژوو لێسەندنەوەی دڵە ١٩٩٢
٥- شیعرەکانی قاوەخانە ١٩٩٣
٦- جێگای زایەڵە ١٩٩٨
٧- ماڵ ٢٠٠٠
٨- هاتنی جاری چوارەم (کتێبی گۆرانی کەنارییەکان)

# دایک

شیعری : ئینگرید جۆنکەر

دایک ئیتر کەسێک نییە
جل بپۆشێ و
بچێت بۆ سەرتاشخانە و
لە نێو شەقامەکاندا پیاسە بکات و
پاژنەکانی ئازاری بدەن
ڕاوێژ بە سایکۆلۆجیستەکەی بکا وەک هەر مرۆڤێکی تر
وشەکانی " مۆن شێری" دەچرپێنێ
بە بێ ئەوەی دەنگی بەرز بکاتەوە
ئەو چرپانە چرپەی سپیی تارماییەکن
بێڕەنگ و بە خێرایی لەبەر چاو ون دەبن
قاقاکانی لە دەرەوەی ئەسانسۆرەکانەوە
لە میانەی نمایشێکی وردەوە لێی دەڕوانێت
فێڵبازانە دەیەوێت بزانێت کە چەک کراوە
ئەو ئیتر وەکو ئەفریقییەک ڕووت و قووتە
دەخوازێ بڕوا بەو پیاوە بکات
کە تا ئێستاش خۆی بە خوداوەند ناو زەد دەکات.



# نامەیەکی نەنووسراو بۆ دایکم

شیعری : شێری کلەیتۆن

یەکشەمموان کە بۆ سەیران
دەچووینە کەنار دەریا، یان هەر جێیەکی تر
ئێمەی مناڵ غارمان دەدا
تا شەکەت دەبووین و لەسەر ڕێگایماڵەوە دەکەوتین
دەموچاومان لە نێو هالاوی ماشێن سوور هەڵدەگەڕا
تۆش گۆرانیت دەوت
ئەو گۆرانییەی کە هەرگیز کۆتایی نەدەهات.

ئەو ڕۆژەم لە یادە
کە براکەم زەماوەندی کرد
هات و وتی: ماڵئاوا
تۆش چۆکت نوشتاندەوە و
دەموچاوی خۆت گرت و گریای
وەک ئەوەی کە تاقانە بێت
تۆ نەتدەویست کچت ببێت
تۆ کوڕەکەت لە دەست دەدا

قژە زەردە ڕەق و ئاڵۆسکاوەکەت دادەهێنا
(ڕەق هەر وەکو خۆت)
کچێکی ڕەش ئەسمەر و بێدەنگیش
لە پشت کورسییە ناوازەکەتەوە دەوەستێ
(وتت: ئۆخەی چ خۆشە)
دەفری ژوورەکە پشتی لە تاریکیی دەرەوە بوو
گەرمی پرژایە سەر پێستت
وەختێک بە ئاراستەیەکی تر ڕات کێشا
خۆشەویستیش لە ناخمدا تەوژم دەدا
گوزارشتی لێ نەکرا
تەنیا لە نێو ئەو دەستانەی قژتیان شانە دەکرد و
بە بێدەنگی خۆیان پیرۆز دەکرد؟

**سەرچاوەکان:**

1- Breaking the Silence A Century of South African Women_s Poetry Edited by: Cecily Lockett Printed and bound by Creda Press،Cape Town 1990

2- http://southafrica.poetryinternationalweb.org/piw_cms/cms cms_module/index.php?obj_id=5378





## ئارچی ڕاندۆڵف ئامۆنز

شاعیر و نووسەری مۆدێرنی ئەمریکی
(١٩٢٦ – ٢٠٠١)

### نەوتراو

گوێت ڕادێراوە بۆ ئەو شتانەی کە جێم هێشتوون
من هێشتاکە هیچ شوێنێک نیم تا نزیک بم لە کۆتایی
یان گوێم لە سڕینەوەی منگە منگەکان بێت
یان سرووده بەتاڵ و بۆشەکان
یان قاوو قیژی بێدەنگی
گرفتەکە لایەنێکی تری هەیە، دژە گرفت، دژە پرۆتۆن
ئێمە پرۆتۆنمان پێوانە کرد کە بەکۆمەڵ هەن
دژە پرۆتۆنمانیشمان پێوانە کرد کە بە ئاپۆرەن
تۆ لەم سەرەتایەوە بە تەواوەتی گوێت لێم نییە
جگە لە بۆشاییەک نەبێت
بڕۆرەوە. . چۆن بتوانم پێت بڵێم هیچم نەوتووە
پێویستە بە سۆراخییەوە بیت
خودی خۆت لەولا قورسەی کە وشەکان بەرگەی وتن ناگرن

گوێ لەو شتانە بگرە کە من هەستی پێ دەکەم
من وریام لێیان و تۆش دەبێت وا بیت
یان گۆرانییە نەوتراوەکان ون نەکەیت
لە گۆرانی وتنمدا ئەوە وشە نین دەوترێن
چی ون بووە تەنیا ئەوەی ون بووە نابێت لە ئاخاوتندا ون ببێت
چیرۆکە پەندئامێزە دروست نەکراوەکەم بخوێنەوە
هەست بە هەراش بوونی دیواری بڵقە لەرزۆکەکان بکە
خێرا بچۆرە ناو گومبەزی ئەم پەیڤە شێوە کەوانەییانەم و
گوێم بۆ ڕادێرە ساتێک بێدەنگم و وەختێک لە تخووبی بەتاڵ دەگەی.

## گۆرانییەکی بچووک

قامیشەکان
ڕێیان بە –با –کە دا و
_با_ کەشیان دوور خستەوە.

## سۆمای بینین

مانگی پێنج بوو
بەر لەوەی سەرنجم بچێتە سەر بەهار و سەر وشە
بە نشێوەکانی باشوورم وت
لەدەستم چوو
هات و ڕۆیی بەر لەوەی بتوانم بیبینم
شاخ وتی نیگەران مەبە



کۆشش بکە دوایین نشێوەکانی باکوور ببینی
یان
بە بەهاردا هەڵبزەنە
گەر دەتوانی هەڵبزەنی
بەڵام شاخەکە وتی:
شتەکان گشت بەم جۆرە نین
هەندێک کە چوون ئیتر قەت نابینرێنەوە

## تاکو ئێستا

وتم مانای نزمی دەدۆزمەوە و
ڕەگەکانی ناسنامەی خۆم لەو ژێرەوە دادەنێم
گشت ڕۆژێک بەخەبەر دێم و
ڕەگێکی تری نزیک دەدۆزمەوە
یادخەرەوە و جەختی دەستڕەنگین و
خەملاندنی ئامادە ی پڕ لە مانام
ئەو دەنگەی کە بەر گوێم کەوت
وەسیەتەکان، جۆرەکانی خۆپەرستی
دەمتوانی ئازادانە وەک خودی خۆم، خۆم بە خێو بکەم
بەڵام دەبێت بڕوانمە هەموو جێیەک
ئەتوانم هیچ بدۆزمەوە بۆ خودی خۆم
هەموو شتێک لە شکۆمەندییەکی مەزندا بە بوونەوە مانادارە

هیچ خۆی بچووک کراوەتەوە
هیچ بۆ من لە بچووکبوونەوە دایە
وتم چی لە گژوگیا نزمترە
ئاه، ژێر توێژاڵی خاکێکی وشک و سووتاو بە قەوزە
زۆر بە وردی دیقەتم دا
وتم دەشێت خوو و نەریتی من بیت
بەڵام بینیم لە ناوەوە ئامێزی پێدا دەکات
لە ژێر وجودی خاکیدا
میکانیزمە سەوزەکانی ئەودیو عەقڵ
لە ژێر بارادا بە زیندوویی چاوەڕوان بوون
جا هەڵسام و بەدەم ڕاکردنەوە دەموت
لە گەردووندا هیچ شێتک نییە نزم بێت
سواڵکەرێکم بینی داری جێگا جیا جیاکانی پێ بوو
خەڵکی بەلایدا تێ دەپەڕین
بێ ئەوەی کەس سەرنجی بداتێ
منیش لە باوەشم گرت و ژیانیم بینی
لەوێدا . . خۆشەویستی، جەستەی وەکو وێرانەیەک ئەنگاوتە بوو
وتم: هەرچەند ڕوانیمە گشت جێیەک
دەتوانم شتێک نزمتر لەم گەردوونە بدۆزمەوە
هەرچەند گێژ بووم بەبەرز و نزمیی گۆڕانە دەرەکییەکان
گۆڕانەکانی قەبارە و شێوە و جێگا



لەیەک خاڵی لەناکاودا هێشتا هات و
بەسەرسامییەوە وەستابوو
قەوزە، گژوگیا، چرکە، خەم، خود، مانادار
لەگەڵ وجوودا!.

ئارچی ڕاندۆڵف ئامۆنز لە ساڵی ١٩٢٦ لە "وایت ڤیل" لە باکووری کالیفۆرنیا لە خێزانێکی جووتیار لە دایک بووە و گەورە بووە. . لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا وەکو بارهەڵگر و پاشان بوو بە دەریاوان لە باشووری ئۆقیانووسی ئارام. ئارمۆنز دواتر گەڕایەوە زێدی خۆی و بووە قوتابی لە (Forest college) بۆ تەواو کردنی بەکالۆریۆس لە زانست. سەرەتای دەست پێکردنی ئارچی لە ترادیسیۆنی ئەدەبییەوە نەبوو، بەڵکو بەردەوام خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستی بووە لە بوارەکانی بایۆلۆژی و کیمیا. ئارچی ئامۆنز لەگەڵ ئەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی بوو، لەهەمان کاتدا چووە زانکۆی کالیفۆرنیا. بۆ ساڵی دواتر ئامۆنز لە نیوجێرسی دەژێت و دەبێتە جێگری سەرۆکی کۆمپانیای تاقیگەی شووشە. ئامۆنز هەرچەندە یەکەمین کتێبی بەناوی بە هێمنی گوزەری کرد. بەڵام دووەم کتێبی "دەربڕینەکانی ئاستی دەریا" لە ساڵی ١٩٦٤دا گەیاندییە پلەی وانە وتنەوە لە زانکۆی کۆڕنێڵ.

ئامۆنز لە ماوەی ٧٥ ساڵی ژیانیدا زیاتر لە ٣٠ کۆمەڵە شیعری بڵاو کردووەتەوە و چەندین خەڵاتی پێ بەخشراوە، لەوانە دوو خەڵاتی کتێبی میللی و هەروەها خەڵاتی شیعری "بۆڵینگن ـــ Bollingen" و خەڵاتی کتێبی میللیی بازنەی ڕەخنەگر و خەڵاتی

ئەکادیمیای {Wallce Steven}و مەدالیای کۆمەڵەی شیعری ئەمریکی {ڕۆبەرت فرۆست} و هەروەها خەڵاتی "Ruth Lilly". ئامۆنز لە نیویۆرک دەژیا کاتێک پرۆفیسۆری شیعر بوو لە زانکۆی کۆرنیڵ تا خانەنشین بوو لە ساڵی ١٩٨٨ .

ئامۆنز ئەم کتێبانەی چاپ و بڵاوکردووەتەوە :

١- ئۆماتیۆم ١٩٥٥

٢- دەربڕینەکانی ئاستی دەریا ١٩٦٤

٣- زانیارییە پێدراوەکان (کورتە شیعر و وتار) ١٩٧١

٤- شریتی گەڕانەوەی ساڵ ١٩٦٥

٥- بوارەکانی شیعر ١٩٧٥

٦- شیعری هەڵبژاردە (١٩٥١-١٩٧١) ١٩٧٢

٧- بەرزاییەکان ١٩٧٠

٨- هیوا سەرتاسەرییەکان ١٩٨٢

٩- شیعری هەڵبژاردە ١٩٦٨

١٠- شیعری هەمەجۆر ١٩٧٥

١١- فۆرمی جووڵە ١٩٧٤

١٢- شیعرە بەفراوییەکان ١٩٧٧

١٣- شیعری هەڵبژاردە ١٩٨٦

١٤- بەهای دار ١٩٨١

١٥- شیعری هەڵبژاردە (١٩٥١- ١٩٧٧) ١٩٧٧

١٦- شیعرە هەرە کورتەکان ١٩٩١

١٧- شیعرەکانی باکووری کارۆلینا ١٩٩٤



١٨- دیمەنەکانی سۆمەر ١٩٨٧

١٩- گۆڕەپان (کێڵگە) - شێوازێک لە جووڵە ١٩٧٤

٢٠- هەڵبژاردەی شیعرە درێژەکان ١٩٨٠

٢١- زبڵ ١٩٩٣

٢٢- دەدرەوشێنەوە ١٩٩٧

٢٣- شیعرەکانی نۆرسفیلد ١٩٦٦

٢٤- دەریاچە شار دەورووژێنێ ١٩٨٣

٢٥- ڕێگای دەروازە بڵندەکان ١٩٧٧

٢٦- وتار و چاوپێکەوتن و دایەلۆگ ١٩٩٦

٢٧ - گوزەری کۆرسۆن ١٩٦٥ {ئەم گوزەرە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەلاتی نیوجەرسی لە ئەمەریکا}

کارێکتەری شیعرەکانی ئامۆنز ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵانەیان لە کتێبی یەکەمدا پێک هێنا. ئارمۆنز بانگهێشتی ئاڵوگۆڕی مەزنی لە سروشتی میلۆدراماتیکدا کرد. ئەمەکداریی ئامۆنز بۆ حەقیقەت بە شیعرەکانییەوە دیارە و ئەو شەیدای ناسنامەی نهێنییەکان بوو، لەگەڵ بازنەی ژیان "نەوە ـــ مەرگ" و هەروەها لەگەڵ ڕژدبوونی شێوە و هەمەچەشنی. تیۆرەکانی ئامۆنز سەبارەت بە شیعر و زمان لە کارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئامۆنز دوا جار دڵی پڕ لە جوانی و شیعری لە٢٥ ی مانگی شوباتی ٢٠٠١ لە نیویۆرک لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە میراتێک لە میتافۆر و زمانی شیعریی بۆ بەجێ هێشتین.

**سەرچاوەکان:**


1- Concise Anthology of American Literature
Second Edition
General Editor: George McMichael
Advisor Editor:Fredrick Crews and J.C.Levenson and Leo Marx and David E. Smith
Page 2003-2004 1985 New York U.S.A.

2- http://www.english.uiuc.edu/maps/poets/a_f/ammons/ammons.htm

3- http://en.wikipedia.org/wiki/A._R._Ammons

4- http://www.nortonpoets.com/ammonsa.htm

5- http://www.poets.org/poet.php/prmPID/48

6- The Norton Anthology of American Literature
Shorter Fifth Edition
Nina Baym 1999
Page 2674

7- Modern Poems
A Norton Introduction
Edited by: Richard Ellmann and Robert o'clair
Page 618 1989 U.S.A.

8- http://www.poemhunter.com/i/ebooks/pdf/a_r_ammons_2004_9.pdf




# دەنگی بێدەنگی

شیعر و گۆرانی: پاوڵ سایمۆن



سڵاو ئەی هاوڕێی دێرینم تاریکی
هاتووم هەتا جارێکی تر لەگەڵتا بدوێم
چونکە ڕوئیا بەنەرمی دەلەنگێتەوە
تۆوەکانی خۆی بەجێ هێشت ئەو
ساتانەی کە نووستبووم
ئەو ڕوئیایەی لە نێو مێشکمدا چێنرا
ئێستاش ماوە لە میانی دەنگی بێدەنگی

لە خەونە ماندووەکانمدا بەتەنیایی هەنگاوم دەنا
بە شەقامە بەردین و بەرتەنگەکان
لە ژێر خەرمانەی مانگ و گڵۆپی شەقامدا
بەرۆکی خۆم ڕووەو سەرما و شەونمەکان وەرچەرخان
وەختێ چاوەکانم بەرپرووشەی تیشکی نیۆن کەوتن
ئەوە شەوی دوو لەت کرد و
لەمسی دەنگی بێدەنگی کرد

له میانی تیشکه ڕووتەکاندا دەیان هەزار کەسم بینی
خەڵک دەئاخڤان بەبێ ئەوەی قسان بکەن
دەیانبیست بەبێ ئەوەی گوێ بگرن
ئەو گۆرانییانەیان دەنووسییەوە کەوا هەرگیز نەدەبیستران
کەسێک جەسارەتی نەکرد
تەنگ هەڵچنێ بە دەنگی بێدەنگی

وتم وانییە تۆ نازانی بێدەنگی وەکو شێرپەنجە گەشە دەکا
گوێ لەم وشانەم بگرە کە دەشێت فێری تۆیان بکەم
دەستم بگرە تا پێت بگەم
بەڵام وشەکانم وەکو دڵۆپە باران
دادەکەن و
لەنێو بیری بێدەنگیدا دەنگ دەدەنەوە

مرۆڤەکان پاڕانەوە و سوجدەیان برد
بۆ نیۆنی دەستکردی خوا
کە هێمای درەوشانەوەی مەترسییە لە وشەدا
هێماکەش دەڵێ "وشەکانی پێغەمبەران لەسەر دیواری تونێڵەکانی ژێر زەوی و
هۆڵی باڵەخانەکاندا نووسراون و
لەنێو دەنگی بێدەنگیدا دەیانچرپان



"پاوڵ سایمۆن"ی گۆرانیبێژ و گۆرانینووس لە ١٣ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤١ لە "نیوارک هایتس" نیو جێرسی لە ئەمەریکا لەدایک بووە و لەساڵی ٢٠٠٢ خەڵاتی فەخری مەڵبەندی کێنەدی پێ بەخشرا. سایمۆن سێ جار زەماوەندی کردووەو ئێستاش لەگەڵ "ئێدی بریکێڵ" دەژێت کە لە ٣٠ ئایاری ١٩٩٢ وە زەماوەندیان کردووە. سایمۆن چوار منداڵی هەیە، کوڕە گەورەکەی "هارپەر سایمۆن" گیتارژەنە.

سایمۆن لە خێزانێکی جوولەکە لە دایک بووە و سەرەتای دەست پێکردنی کاری هونەریی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی خوێندنی ئامادەیی کاتێک لەگەڵ هاوڕێکەی "ئارت گارفونگێڵ" دەستیان بە گۆرانی وتن کرد. ساڵی ١٩٥٧ یەکەمین گۆرانییان تۆمار کرد کە بە گوێرەی تەمەنیان سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا. پاش قۆناغی ئامادەیی سایمۆن دەچێتە کۆلیژی "کوینز" هەرچەندە هاوڕێکەی "گارفۆنگێڵ" دەچێتە زانکۆی کۆڵۆمبیا. سایمۆن ئەدەبی ئینگلیزی تەواو دەکات، گەرچی زیاتر حەزی لە مۆسیقا بوو. لە نێوان ١٩٥٧– ١٩٦٤ سایمۆن زیاتر لە ٣٠ گۆرانیی نووسی و تۆمار کرد و بڵاوکردنەوە. سایمۆن زۆربەی گۆرانییەکانی شەش ساڵی پاش ساڵی ١٩٥٧ یان لەگەڵ "گارفۆنگێڵ" یان لەگەڵ مۆسیقاری تردا تۆمار کرد. سایمۆن بەردەوام دەبێت لە بەخشش و داهێنان تەنانەت دەبێتە سەرنجڕاکێش لە نێوەندی مۆسیقای خەڵکی لە نیویۆرک. سایمۆن ئیتر لە نێو کاروانی مۆسیقای ئەمریکی وەکو ئەستێرەیەک لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی هەدا نادات و

تەنانەت دوا بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٦ بە ناوی "سەرسووڕمان"ەوە بڵاو دەکاتەوە.

سایمۆن ٢٤ ئەلبومی لە نێوان ١٩٦٨–١٩٩٠ بڵاو کردووەتەوە و ئەمە بێجگە لەو ئەلبومانەی کەلەگەڵ کەسانی تردا تۆمار کردوون.

**تێبینی:**

ئەم شیعرەی سایمۆن لە کتێبی "کتێبی گۆرانییەکانی پاوڵ سایمۆن" بڵاو کراوەتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٥دا لە بەریتانیا بڵاو بووەتەوە.

**سەرچاوەکان:**

1- http://en.wikipedia.org/wiki/Paul_Simon
2- http://freespace.virgin.net/r.kent/books.html



## مارگرێت ئات ود

شاعیر و ڕۆماننووس و نووسەری کەنەدی



ئات ود هەر لەو ساوەی کە خەڵاتی پارێزگاری گشتیی وڵاتی کەنەدای وەرگرت

لە ساڵی ١٩٦٦ سەبارەت بە کتێبی "گەمە بازنەییەکە" کە ئەو کات تەمەنی تەنیا بیست و حەوت ساڵ دەبوو، مارگرێت بەردەوام دەبێت لە بەخشش و داهێنان لە بوارەکانی شیعر، ڕۆمان، ڕەخنە تا ناووناوبانگێکی جیهانی بۆ خۆی پەیدا دەکات و هەروەها چالاک دەبێت لە نووسین و بڵاوکردنەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامە لۆکاڵەکان.

لە سەرەتای حەفتاکاندا دەبێتە سەرنووسەر و پاشان دەستەی بەڕێوەبردنی بڵاوکراوەی (The House Of Anansi) و هەروەها لە ساڵانی ١٩٨٢–١٩٨٣دا دەبێتە سەرۆکی یەکێتیی نووسەران و هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢دا دەبێتە سەرنووسەری (The New Oxford Book Of Canadian Verse ) دواتریش لەگەڵ «ڕۆبەرت ویڤەر» لە ساڵی ١٩٨٦دا دەبێتە سەرنووسەری The Oxford Book Of Canadian Short (Stories) . کارەکانی مارگرێت ئات ود لە وڵاتەکانی کەنەدا و

ئەمریکا و ئەوروپا و ڕووسیا و ئوسترالیا دەخوێنرێن.

مارگرێت ئات ود لە ساڵی ١٩٣٩ لە "ئۆتاوا" ی پایتەختی کەنەدا لەدایک بووە و لە تۆرنتۆ گەورە بووە و بەهۆی پیشەی باوکی کە گەڕان و پشکنین بووە بەدوای زانستی مێژووزانی، ئات ود، زۆربەی کات و ژیانی لەگەڵ دایک و باوکیدا بەسەر دەبات لە باکووری "ئۆنتاریۆ" و "کوبێک" هیچ ساڵێک قوتابخانەی بە تەواوەتی بۆ ناچێتە سەر تا پۆلی دووی ناوەندی. لە ساڵی ١٩٥٧ دەچێتە کۆلیژی "ڤیکتۆریا" لە زانکۆی "تۆرنتۆ" بۆ وەرگرتنی بەکالۆریۆس لە ١٩٦١. پاشان لە هەمان ساڵدا کۆمەڵە شیعرێکی بڵاو کردەوە بەناوی"دەبڵ پێرسۆفۆن"، ئینجا لە ١٩٦٢دا و لە زانکۆی "هارڤەرد" ماجستێری وەرگرت دواتریش دەستی کرد بە تێزی دکتۆراکەی بەناوی "ئەڤینە میتافیزیقییەکانی ئینگلیز"ی "جۆرج ماکدۆناڵد" و "ه. رایدەر هەگارد".

مارگرێت ئات ود ماوەیەکیش وەک لێکۆڵەرەوەی بازرگانی کاری کردووە. لە نێوان ١٩٦٤– ١٩٧٣ خەریکی وتنەوەی زمانی ئینگلیزی و نووسین بووە لە زانکۆکانی کەنەدا. لەوساوە پیشەی هەمیشەیی بووە بە نووسەر. ئات ود، سەرەتا لە کێڵگەیەکی نزیک "ئاڵیستۆن" دەژیا لە ئۆنتاریۆ و دواتریش لە ١٩٨٠ بەدواوە لە تۆرنتۆ ژیان بەسەر دەبات. هەرچەندە ئات ود بەردەوام خەریکی گەشت و سەفەرە، بەڵام قەبووڵ کراوە وەک نووسەر و وانەبێژ لە وڵاتەکانی ئەڵمانیا و ئەمریکا و ئوسترالیا.



نووسینەکانی ئات ود دابەش دەبنە سەر چەند بەشێک کە ئەمانەن

**ڕۆمانەکان**

ژنە خوراوەکە ١٩٦٩
ڕوخسارەکان ١٩٧٢
خانمی ئۆراسڵ ١٩٧٦
ژیان پێش پیاو ١٩٧٩
ئازاری جەستە ١٩٨١
پاشەڵی ژنە خزمەتکارەکە ١٩٨٥
چاوی پشیلە ١٩٨٨
بووکە دزەکە ١٩٩٣
نازناوی لەشسووکی ١٩٩٦
پیاوکوژە کوێرەکە ٢٠٠٠
ئۆریکس و کرەیک ٢٠٠٣

**کورتە ڕۆمان**

سەماکردنی کچان ١٩٧٧
تاوانێک لە تاریکیدا ١٩٨٣
هێلکەی باڵندە شینەکە ١٩٨٣
ئامۆژگارییە برینگەکان ١٩٩١
گازاندە چاکەکان ١٩٩٢
گازاندە چاکەکان و تاوانە سادەکان ٢٠٠١

**بۆ منداڵان**

لەناو چڵەپۆپەی دار ١٩٧٨

ئاژەڵە ماڵییەکانی ئاننا ١٩٨٠

بۆ باڵندەکان ١٩٩٠

شازادە پرونێلا و فستقی مۆر ١٩٩٥

**لێکۆڵینەوە و ڕەخنە**

ڕێنمایی مەغزایی بۆ ئەدەبی کەنەدی ڕزگار بوو: ١٩٧٢

ڕۆژگارە یاخییەکان (١٨١٥-١٨٤٠) ١٩٧٧

دووەم وشە ١٩٨٢

شتە نامۆکان ١٩٩٦

دوو بایەخ ١٩٩٨

مامەڵە لەگەڵ مردوو ٢٠٠٢

**شیعر**

١٩٦١ دەبڵ پێرسۆفۆن

١٩٦٦ گەمە بازنەییەکە

١٩٦٨ ئاژەڵەکانی ئەو وڵاتە

١٩٧٠ یادداشتەکانی سوزانا مۆدی

١٩٧٠ فەرمایشت بۆ ژێرزەوی

١٩٧١ هێزی سیاسەت

١٩٧٤ تۆ دڵشادی



١٩٧٦ شیعری هەڵبژاردە

١٩٧٨ دوو شا شیعر

١٩٨١ چیرۆکە ڕاستەقینەکان

١٩٨٤ ئەنگوستەچاو

١٩٨٦ (١٩٧٦-١٩٨٦)شیعری هەڵبژاردە

١٩٩٥ بەیانییەک لە خانوویەکی سووتاودا

ئات ود بەپلەی یەکەم حەزی لە شیعرەو بەتایبەت شیعر و شانۆکانی "برتۆڵد برێخت". ئەوەتا ئات ود لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ "کریس لێڤەنسۆن" لە ساڵی "١٩٧٢"دا دەڵێت: "ئەمەوێت ئەوە بڵێم لەو بڕوایەدا نیم ئەوەی شیعر دەیکات دەربڕینی هەست بێت، ئەوەی شیعر دەیکات وورووژاندنی هەستە لای خوێنەر، ئەمەش شتێکی زۆر جیاوازە. جارێکیان یەکێک وتی ئەگەر دەتەوێت هەستت دەربڕی ئەوا هاوار بکە، بەڵام ئەگەر دەتەوێت هەستت بوروژێنی ئەمەیان سەخت و ئاڵۆزە". ئات ود، هەروەکو برێخت تەکنیک و ڕەهەندی هەمەڕەنگ و گۆشەگیر بەکار دەهێنێت بۆ وورووژاندنی خوێنەران. ئات ود، خۆی لە تراديسیۆنی ڕۆمانتیکی ڕەخنەگرانە و دەستەواژەی چاوەڕوانکراو بۆ ئامانجی پارۆدی (پارۆدی جۆرە نووسینێکی ئەدەبییە، لاسایی نووسینێکی تر دەکاتەوە بەنیازی گاڵتەجاڕی) دەپارێزێت.

بەرهەمەکانی ئات ود لەئاستی نێونەتەوەییدا جێگەی ستایشن و لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بوونەتەوە. بەهۆی

بەرهەمەکانییەوە کاندید کراوە بۆ گەلێ خەڵاتی ناوخۆیی و جیهانی لەوانە: هەردوو ڕۆمانی (The Handmaids Tail) و "چاوەکانی پشیلە" بەر خەڵاتی "بوکەر" کەوتن، و هەروەها "The Robber Bride" و "Alias Grace" خەڵاتی "Prsetigious Giller" لە کەنەدا و خەڵاتی "Premio Mondello" لە ئیتالیا یان وەرگرت. هەروەها هەڵبژێردراوە بۆ گەلێ خەڵاتی تر لەوانە خەڵاتی «بوکەر»، خەڵاتی "ئۆرینج" و هەروەها خەڵاتی نێونەتەوەیی "IMPAC" ئەدەبیی دوبلن. ئات ود خاوەن گەلێ ڕێزلێنانی ترە لە چەشنی خەڵاتی "The Sunday Times" بۆ باشترین بەرهەمی ئەدەبی لە بەریتانیا، مەدالیای یانەی هونەری میللی لە ئەمەریکا بۆ ڕێزلێنان لە بەرهەمی ئەدەبی، هەروەها (Le chev-alier dans l ordre des artset des) لە فەرەنسا، هەروەها ئات ود یەکەمین براوەی خەڵاتی ئەدەبی بووە لە لەندەن. ئات ود خاوەنی گەلێ بڕوانامەی زانکۆییە لە سەرتاسەری کەنەدا و زانکۆی ئۆکسفۆرد لە بەریتانیا.

ئات ود دواجاریش ناوی لە ڕیزی ئەو ١٨ نووسەرانە بوو کە هەڵبژێردرا بۆ خەڵاتی Man Booker International کە بڕیارە مانگی شەشی ٢٠٠٥ خەڵاتەکە ببەخشرێ کە بریتییە لە٦٠٠٠٠ پاوەند کە بەرامبەرە بە(١٤٠٠٠٠ $)ی کەنەدی.

مارگرێت ئات ود لەگەڵ هاوسەرەکەی «گرەیم گیبسۆن» کە ئەویش هەر ڕۆماننووسە لە شاری تۆرۆنتۆ دەژیی و لە ٢٠٠٤ ەوە لە زانکۆی بریتیش کۆڵۆمبیا لە ڤانکۆڤەر خەریکی وانە وتنەوەیە و هەر لە ڤانکۆڤەریش ژیان بەسەر دەبەن.

مارگرێت ئات ود سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان زانست و هونەر



دەڵێت: «زانست ئامرازە و هونەریش دەربڕی ئەو خەونانەی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەیە وەختێ دەمانەوێت بەکاریان بهێنین». هەروەها دەڵێت: «زانست پەیوەندارە بە مەعریفەوە و ڕۆمانیش پەیوەندارە بە هەستەوە». ئات ود پێی وایە «کۆمەڵگە بەبێ هونەر وەکو ئاوێنەیەکی شکاو و بێ دڵ وایە، کە ناتوانین سیمای مرۆڤی خۆمان لەنێو ئەو ئاوێنە شکاوەدا بناسینەوە».

# ئەمە وێنەی منە

ئەم وێنەیە چەند ساڵێکە گیراوە
یەکەم جار وا پێ دەچوو چەور کرابێت
شۆردرایەوە: هێڵی لێڵ و نوقتەی خۆڵەمێشی
لەگەڵ کاغەزەکەدا ئاوێتەی یەک بوون

پاشان وەک سکانی دەکەیت
لە گۆشەی دەستی چەپدا شتێک دەبینی
لەناکاو دەردەکەوێت
هەر لە قلی دارێک دەچێت (شیک یان. . . . )
بەلای ڕاستیشدا و تۆزێک لە سەرووتر
نشێوێکی لەسەرەخۆ و
چوارچێوەیەکی بچووکی خانوویەک بەدی دەکرێت

لە باکگراوندا دەریاچەیەک هەیە
لەودیوی ئەویش چەند گردێکی نزم

(وێنەکەم یەک ڕۆژ دوای
خنکانم گیراوە)



من لە نێو دەریاچەکەم لە نێوەڕاستی وێنەکە
تۆزێک لە ژێر ڕووی ئاوەکە

قورسە بە وردی بوترێ لە کوێ و
بوترێ من چەند گەورە یان بچووکم
کاریگەریی ئاو بەسەر ڕووناکی گۆڕانە

بەڵام ئەگەر زۆر قووڵ بڕوانی
لە کۆتاییدا دەتوانیت من ببینیت

١٩٦٦

## حونجه کردن

کچەکەم لەسەر ئەرزەکە
بەپیتە پلاستیکەکان گەمە دەکات
پیتی سوور و شین و زەردێکی تۆخ
فێر دەبێت چۆن حونجە کردن حونجە بکات

*

پێم سەیرە کە چەندەها ژن
ڕەفزی بایەخدان بە خودی منالّەکانیان دەکەن و
خۆیان لەنێو ژوورێکدا بە دوروومانەوە سەرقاڵن
خۆ دەتوانن چەند دێرێک لە وشە بنووسن

*

منالّ شیعر نییە و
شیعریش منالّ نییە
هیچ ئەم یان ئەو و بەڵامێک لە گۆڕێدا نییە

*

ئەگەڕێمەوە بەرەو لای چیرۆکی ئەو ژنەی
کە بە ئارەقەی نێوچەوان
لە کار و شەڕ
لینگی خۆی پێکڤە دەنووسێنێت



هەتا سکی پڕ نەبێت

داپیرەشی: ئەو پیرێژنە جادووکەرەی وا دەسووتێ
دەمی بە پێستێک گیراوە
بۆ خنکاندنی وشەکان

وشە لە پاش وشە لە پاش وشە. . هێزە

*

لەو خاڵەوەی کەوا زمان
لە گازاندە بەتینەکانەوە هەرەس دێنێت
لەو خاڵەوەی بەرد دەشکێت و دەکرێتەوە و
تاریکایی وەکو خوێن لێی دێتە دەرێ
لە خاڵی هێوربوونەوەی سەرسەختیدا
ساتێک ئێسکەکان دەزانن کەوا بۆشن
وشەش لێک دەترازێ و دووبارە دەبێ و ڕاستی دەدرکێنێت و
ئەو ساتە لەش خۆی دەبێت بە زمان

ئەمە میتافۆرە

*

چۆن فێری حونجەکردن دەبیت؟
خوێن، ئاسمان و هەتاو

سەرەتا ناوی خۆت
یەکەم ناولێنانت و
ناوی یەکەمت
یەکەم وشەت.

١٩٨١



## گۆرانیی پەری

ئەمە ئەو گۆرانییەیە
هەموو کەسێک دەیەوێت فێری ببێت
گۆرانییەک کە بەرگەی جوانییەکەی ناگرن

گۆرانییەکە ئەو پیاوانە ناچار دەکات
تەنانەت کەنارێک لە کەللەسەریش دەبینن
خۆ فڕێ بدەنە نێو دەریاوە

گۆرانییەکە کەس نایزانێ
گەر هەر کەسێک گوێ بیستی بێت. . مردووە و
ئەوانی تریش لە بیریان نەماوە

جا نهێنییەکەت پێ بڵێم
ئەگەر بیڵێم لەم قەفەسەم ڕزگار دەکەی؟

لێرە چێژی لێ نابینم
چوارمشقی لەسەر ئەم دوورگەیە دابنیشم و

ئەفسانانە و سەرنجڕاکێشەرانە بڕوانم

بەم دوو پەڕەمووچە شەیدایەوە
چێژ لە گۆرانی وتن نابینم
ئەم تیپە سێلانەییە کوشندە و بەهادارە
من نهێنییەکەت پێت دەڵێم
بە تۆ تەنیا بە تۆ دەڵێم
وەرە پێشێ
ئەم گۆرانییە گریانێکە بۆ یارمەتی
فریام کەون!
تۆ تەنیا تۆ دەتوانی یارمەتی بدەی
چۆن بێ هاوتای

وەلێ ئەفسوس
گۆرانییەکی بێتام بوو
بەڵام هەمیشە کاری خۆی دەکات

١٩٧٤

**سەرچاوەکان:**

1- The Norton Introduction To Literature
Carl E. Bain
Jerome Beaty
J.Paul Hunter
Shorter six Edition Norton&Company New York UAS 1995



2- An Anthology Of Canadian Literature In English
Reviseed &Abridged Edition
Edited by
Russell Brown
Donna Bennett
Nathalie Cooke
Oxford University Press Toronto 1990
3- 20th Century Poetry & Poetics
Fourth Edition
Edited By Gary Geddes
Oxford University Press Toronto 1996
4- Oxford Dictionary English-Kurdish
Salam Nawkhosh Kurdistan 2002
5- Margaret Atwood Personal webside
6- Margrate Atwood (The Art of The Matter)
2004 ،The Globe and Mail Saturday January 24
- The Vancouver Sun Saturday February 19,7,2005
8- The Norton Introduction to Poetry
J. Paul Hunter
Fourth Edition USA 1991

# مێدوسا

شیعری / لویس بۆگان




دەبوو بهاتمایەتە ماڵی نێو ئەم ئەشکەوتی
جەنگەڵە
بۆ ڕامان لە ئاسمانی ڕەها
گشت شتەکان دەجووڵان. . . زەنگ
ئامادەباش بوو بۆ لێدان و
خۆر و بریقانەوەکانی بە چوارچەرخە
گەیشتنە جێ

ساتێک چاوە بێزەخرەفە و هیسە هیسکەرەکان
لە پێشمەوە بوون
دەوەستان لەبەر پەنجەرەکەو لە دەرگاکەوە دەیانبینی
چۆن چاوە سادەکان، مارەکانی سەر نێوچەوان
لەهەوادا شێوەباز دەبوون

ئەمە دیمەنێکی سەرمەدییانەی مردووە
هێچ شتێک ناوروژێنێ



نە کۆتایی هەرگیز لەمە ڕووناکتر دەبێت و
نە بارانیش لەمە لێڵتر دەبێت

ئاو هەمیشە خوڕە دەکات، دێتە خوار و نایەتە خوار
زەنگە کەوتووەکەش دەنگ دەر ناکات
گیاش هەمیشە لە قووڵایی خاکدا بۆ کا و قەسەر شین دەبێت

منیش دەبێت ئا لێرە دا
لە ژێر ڕۆژێکی مەزنی هاوسەنگدا چەشنی سێبەر ڕابووەستم
چاوەکانیشم لەسەر تەپوتۆزی زەردباوی سەر –با– یەکەیە
کە ڕای ناماڵێت بەرەو دوور.

میدۆسا: یەکێکە لەو سێ خوشکانەی کە لە میسۆدۆلۆژیای یۆنانیدا لە بری قژ ماریان لەسەردا ڕواوە و هەر کەسێک تەماشای بکردنایە، ئەوا یەکسەر دەبوون بە بەرد. میدۆسا (شاژن)، بە دەستی پێرساوسی پاڵەوان، سەری دەپەڕێندرێت، بەڵام تێڕامانی میدۆسا تەنانەت لە دوای مردنیشی هێزی تێدا دەمێنێت.

لویس بۆگان (Louise Bogan) ژنە شاعیری نوێخوازی ئەمریکی لە (Livermore Falls) لە ١١ ی ئۆگستی ساڵی ١٨٩٧ لە دایک بووە. وەک خۆی دەڵێت"١٠ ساڵ پێش ئاودن و ئیشاروود و ل. مەک نەیس و نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ دوای ساپفۆ لە دایک بووم".

لویس دەچێتە قوتابخانەی مانچستەر و نیو هامپشایر و پاشان دەچێتە قوتابخانەی لاتینیی کچان لە بۆستۆن. دوای ساڵێک لە خوێندنی زانکۆ، لویس واز لە خوێندن دەهێنێت. ژیانی هەست و سۆزی ئەم ژنە شاعیرە لە ساڵی ١٩٣١ وە، کەوتە بەر ئازاردان و نوشوستی. لویس بۆ ماوەی چەندین ساڵ سەرنووسەری "The New Yorker" زۆر حەقخوازانە و دادپەروەرانە بەرهەمی ڕەخنە و شیعری بڵاو دەکردەوە و هیچ گوێی بە هاوڕێ و برادەر نەداوە. لویس لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ دوا جار، ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ڕاس لیمەر نامەکانی لویس بۆگان لەنێوان ١٩٢٠–١٩٧٠ لە ساڵی ١٩٧٣ لە کتێبێکدا کۆکردەوە و بەچاپ گەیاندن.

**بەرهەمەکانی لویس بۆگان:**

١– جەستەی ئەم مەرگە ١٩٢٣

٢– هاوینی تاریک ١٩٢٩

٣– خەوتنە تووڕەکە ١٩٣٧

٤– شیعر و شیعری نوێ ١٩٤١

٥– هەڵبژاردەی شیعر (١٩٢٣–١٩٥٣) ١٩٥٤

٦– ئاوڕێژگە شینەکان ١٩٦٨


٧– دەستکەوتەکانی شیعری ئەمریکی (١٩٠٠–١٩٥٠) ١٩٥١

٨– ئەلف و بێی شاعیر ١٩٧٠



**سەرچاوەکان:**

Modern Poems
A Norton Introduction
Second Edition
Edited by: Richard Ellmann and Robert O'clair
1989 pages 333 and 334 and 334
2- www.allbiographies.com/biography-Louise Bogan



## نانۆ ساکاکی

شاعیری گەڕیدەی یابانی

### با ئەستێرەکان بخۆین

بڕوام پێ بکەن مناڵینە
خودا ئاسمانی خوڵقاند بۆ فڕۆکە
بەربەستی مەرجانیش بۆ گەشتیاران
کێڵگەشی بۆ کشتوکیمیاوی و
ڕووبار بۆ بەنداوەکان و دارستانیش بۆ یاریی گۆڵف
شاخەکانیش بۆ گەشت و خلیسک
ئاژەڵی کێوییش بۆ باخچەی ئاژەڵان
ئۆتۆمبێلیش بۆ هاتوچۆ و بارهەڵگرتن
کارگەی ئەتۆمیش بۆ سەمای تارماییەکان
نیگەران مەبن. . مناڵینە
چاکە قەد بە فیڕۆ ناڕوات
لەم ئێوارە درەوشاوەیە بڕوانن
گوڵەبەڕۆژەکان لەنێو باخچەکەدان و



ئەژدیهای سووریش لە ئاسمان
منداڵە وردیلەکەش گۆرانیی دەڵێ:
"با ئەستێرەکان بخۆین
با ئەستێرەکان بخۆین"

سپتامبەری ١٩٨٨ /یابان

### ڕێز لێنان لە شەڕی کەنداو

بەر لە دزین
خاوەندارێتی هەبووە
بەر لە خاوەندارێتیش
کۆمەڵێک شتی تر هەبووە
بەر لە وانیش
هیچ شتێک نەبووە
بەر لە هیچیش
دزی هەبووە

### تەنیا بەسە

خاک بۆ ڕان و
تەور بۆ دەست
گوڵ بۆ چاو و
باڵندە بۆ گوێچکە
قارچک بۆ لووت و

زەردەخەنەش بۆ دەم
گۆرانی بۆ سییەکان و
شیرینییش بۆ پێست و
–با–ش بۆ مێشک.

..........

بۆچی بە چیادا هەڵگژان؟
بڕوانە! چیا لەوێیە
من بە چیادا هەڵناگژێم
چیا بە مندا هەڵدەگژێ
چیا خودی خۆمە و
من بە خۆمدا هەڵدەگژێم
نە من هەم و
نە چیا
شتێک لە هەوادا بەرز و نزم دەبێتەوە.

## موعجیزە

–با–، هەوا، ئاو و خۆر
هەموو موعجیزەن
گۆرانیی باڵی سووری مێشوولەش موعجیزەیە
گوڵیش بۆ کۆڵەمبینی[1] شین موعجیزەیە
لە شوێنێکی نادیارەوە دێت و




دەڕوات بەرەو نادیارێکی دی
زەردەخەنەکەی تۆش هەر موعجیزە

..........

(١) کۆڵەمبین جۆرە دارێکە گوڵەکانی شێوەی پەڕەی گوڵیان هەیە. کۆڵەمبینی کێو دەر ڕەنگی سوور و زەرد یان شین و سپین. کۆڵەمبینی شین و سپی لە کۆلۆرادۆ هەیە و کۆڵەمبینی سوور و زەردیش بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی باکووری ئەمەریکا هەیە.

١٩٨٧

## ئەگەر کاتت هەبوو



گەر کاتت هەیە بۆ مشتومڕ
کتێب بخوێنەرەوە
گەر کاتت هەیە بۆ خوێندنەوە
بە نێو چیا و بیابان و دەریاکاندا بگەڕێ
گەر کاتت هەیە بۆ گەڕان
گۆرانی بڵێ و سەما بکە
گەر کاتت هەیە بۆ سەما
بە بێدەنگی دابنیشە، تۆ ئاسوودە و بەختەوەری
ئەی گەمژە.

١٩٦٦ لەکتێبی "شکاندنی ئاوێنە" وە

## یەک دوو سێ چوار

هیچ توخمێکی مرۆڤ نییە
بەڵام تۆ!
سروشتیش نییە:
یەک
دوو سێ چوار
هەشت گوڵی ئەرخەوانی
لە ئێوارەیەکی سروەداردا دەڕوێن.

## چەند کورتە شیعرێک لە کتێبی "شکاندنی ئاوێنە"وە

١

زۆر خواردن دەبێتە هۆی ئێشی گەدە
زانیاریی زۆریش دەبێتە ژانە سەر و
هەست ناسکیش دەبێتە هۆی مێشک ئێشان و
بیرکردنەوەی زۆریش دەبێتە دڵ ڕاوەستان.

٢

زانینی شتێک ونبوونە تیایدا.

٣

وانەبێژ بدەرە گەمژە
قامووسیش بدەرە قوتابی



گۆڕستان بدەرە مردوو و
کێکیش بۆ من.

٤

هەرچەندە
هەرچەندە
ئەم گۆی زەوییە وێرانەیەم خۆش دەوێت
١+١=١

٥

ئاسمان هەمیشە شینە و
مانگیش هەردەم چواردەیە
دەریاش بەردەوام بەرزە و
تۆش هەمیشە گلەیی دەکەیت.

٦

گەر دەخوازیت خاک بناسیت
بە گژ و گیاکان ئاشنا بە
گەر دەتەوێت کولتوور فێربیت
چاودێریی کەشتی بکە
گەر دەتەوێت چارەنووسی نیشتمانت بزانیت
گوێ بۆ فۆلکلۆر ڕادێرە
گەر دەتەوێت خەڵک بناسیت
خۆت بناسە.

نانۆ ساکاکی، شاعیرێکی ناسراوی یابانی تەمەن ٨٣ ساڵە. لە پاش بەجێهێشتنی سوپای یابان، لەساڵی ١٩٤٥ وە بەردەوام بە پێیان خەریکی گەشت و سەفەرە، لەسەر ئەم هەسارەیە. نانۆ ساکاکی لە ساڵی ١٩٢٣ لە گوندێکی باشووری یابان دایک بووە (نانۆ بەمانای حەوتەمین کوڕ دێت) و بەردەوام سەروکاری لەگەڵ هۆزە ئەسڵییەکانی یاباندا هەبووە وەک هۆزی "ئاینو" لە باکوور و هۆزەکانی باشوور. نانۆ پاش جەنگی دووەمی جیهانی بە یاباندا گەڕا و پاشان سەرباری چەند زمانێکی ئەوروپی خۆی فێری زمانی ئینگلیزی و زمانی کلاسیکی چینی کرد. نانۆ بەردەوام خەریکی کەشفکردنی سروشت بووە. شیعرەکانی ساکاکی بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و یابانی بڵاو بوونەتەوە و لەگەلێک ئێوارە کۆڕی شیعریدا لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا بەشداریی کردووە، لەوانە لە ساڵی ١٩٨٨ لە سانفرانسیسکۆ، لەگەڵ هاوڕێکانی "گنیسبێرگ و سنیدەر"

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نانۆ ساکاکی:**

١– گەمەی ڕاستەقینە (شیعر و شانۆ) ١٩٨٣
٢– شکاندنی ئاوێنە (شیعر) ١٩٩٦
٣– با ئەستێرەکان بخۆین (شیعر) ١٩٩٧
٤– ئینج بە ئینج (شیعری یابانی– ئینگلیزی) لەگەڵ ئیسا کۆبایاشی ١٩٩٩

هەروەها (گرەی لاڤلێس)یش کتێبێکی دەربارەی نانۆ ساکاکی نووسیوە بەناوی "نانۆ یان هەرگیز" ساڵی ٢٠٠٠



نانۆ ساکاکی دەڵێت:

"کاتێک گوێت لە چیرۆکێکی ناخۆش
دەبێت، گوێچکەکانت بشۆ.
کاتێک شتێکی ناشیرین دەبینیت
چاوەکانت بشۆ.
کاتێک شتێکی خراپت بەبیردا دێت
مێشکت بشۆ.
پێیەکانیشت با هەر قوڕی پێوە بێت. "

دۆناڵد ج. پیرس لە زانکۆی مەنیسۆدا دەنووسێت "نانۆ ساکاکی، شاعیری گەڕیدە و کەشوهەواناسی یابانی، هاوڕێی شاعیران گینسبێرگ و سنیدەر لە نووسینەکانیدا خۆشەویستی بووزایی بۆ سەرتاپای ژیان لەگەڵ ناسنامەی بەهێزی تاویزم(*) لەگەڵ سروشتدا تێکهەڵکێش دەکات و پاشان دەیهێنێتە پەیوەندیی هەموو ڕۆژەی شتەکان. ساکاکی هەوڵی ناسینەوە دەدات و خۆی شیعرەکانی خۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. "

میشێڵ بێکەر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نانۆ ساکاکیدا دەنووسێت، "ساکاکی پێی وتم کە دەریاوان بووە لە هێزی دەریایی یابانی لە باشووری یابان، کە لە ٩ ی ئۆگۆستی ١٩٤٥ دا B-29 ی لەسەر ڕادار بینیوە. سێ ڕۆژ دواتر ناوجەرگەی هیرۆشیما بۆمبا باران کرا و هێزی ئاسمانیی ئەمریکی B-29 70000 تا ٨٠٠٠٠ کەسی کوشت و ٧٠٠٠٠ بریندار کرد و نیوەی شارەکەشی خاپوور کرد. " ساکاکی ٢٠٠ کیلۆمەتر لە

ناکاساکییەوە دوور بووە کاتێک B-29 ٤٠٠٠ کەسی لەو شارە کوشت و ٧٠٠٠ کەسی تریشی بریندار کرد. " ساکاکی، هاوڕێ شاعیرەکانی "ئالان گینسبێرگ و گاری سنیدەر"ی لە کیۆتۆ لە ساڵی ١٩٦٣ بینی و ناسانی کە چەند ساڵ دواتر ساکاکی چووە زێدی ئالان گینسیێرگ لە نیویۆرک لە ئەمریکا. نانۆ ساکاکی شیعر بە جۆرێک لە گفتوگۆ دەبینێت لەگەڵ سروشتدا.

نانۆ چەندین هاوڕێ و کەسانی لەبەر دڵ پەسندی هەیە لە کیشوەرەکانی ئوسترالیا و ئاسیا و ئەوروپا و ئەمەریکای باکوور کە شیعرو پێشڕەوییە شیاوەکەیان بۆ نرخدارە لە ڕابەری کردنی خەڵکی ڕووەو ئاڕاستەیەکی نوێ لە ژیان. نانۆ پێی وایە هەرچەندە کۆمەڵگەی یابان لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە پەرەی سەندووە، بەڵام خەڵکی بە گشتی ئاسوودە نین. بۆیە نانۆ لە پەنجاکانەوە بووە سەرچاوەی سروشی بزووتنەوەی پارێزگاری لە ڕووبار و دارستان و ژیانی سروشتی لە یابان.

نانۆ لە چاوپێکەوتنێکدا لە وەڵامی پرسیاری، بەرەو کوێ ئەڕۆی دوای مردن؟دا دەڵێت" جارێکی تر لەدایک دەبمەوە، من دڵنیام. چی تێدایە؟ هەموو ژیانم دووبارە دەکەمەوە، لەوانەیە بە گۆڕانێکی گەورەوە. وەک ئەوەی لە منداڵیدا خەونم هەبوو، ببم بە مۆسیقار وەکو بیتهۆڤن یان ببم بە زانای ماتماتیک وەکو باسکال_ یان دیکارت. من زۆر لە ماتماتیک زیرەک بووم. بۆیە ئەگەر ئاڵوگۆڕ لە ژیانمدا پێک بهێنم دەمەوێت ببم بە ماتماتیکزان یان مۆسیقار یان جووتیار یان ڕاوچی"

هەروەها لەوەڵامی پرسیاری، ئایا لەو بڕوایەدای زمانی شیعر



کۆمەکی ئاڵوگۆڕ لە یاباندا دەکات؟ ئایا خەڵک شیعرەکانت دەخوێننەوە؟ دەڵێت: " نامەوێت بێ میزاژ بم بەڵام هەست بە خەتا دەکەم. ئایا دەبێت بەم شێوەیە بنووسم؟ چاوەڕوانی هیچ شتێکی دی ناکرێت. تەنیا دەمەوێت هەستی خۆم دەربڕم، و خەڵکیش لەم ڕێگەیەوە پەیامەکەم وەردەگرن ".

**(*) تێبینی:**

تاویزم یەکێکە لە ئاینە سەرەکییەکان لە وڵاتی چین. ئەم ئاینە لەسەر بنەماکانی فەیلەسووفی دێرین "لاو تزو" دانراوە. تاویزم سروشتمان بە سادە و ساکاری بەو شێوەیەی کە هەیە بۆ ئاشتی و هارمۆنی لە ژیان فێر دەکات.

**سەرچاوەکان:**

1- Poems for the nation
A collection of Contemporary Political poems
Edited by: Allen Ginsberg
Page 30 and 46
U.S.A. 2000
2- http://Nanaosakai.com
3- http://www.ahapoetry.com/bkrks.htm
4- http://www.nsnews.com/issues00/w082100/sakaki.html
5- http://wesingfire.tripod.com/maryclairewellinger/id36.html
6- http://www.poeticdream.com/photo/photo30.htm
7- World Book Dictionary A-K
Edited by: Clarence L. Barnhart &Robert K. Barnhart
Volume 1 & 2 1976
8- http://www.findartides.com/p/artides/mi_m1510/is_n86/ai_17461995/pg_2
9- http://www.soulofthegarden.com/quotes2.html

# چەپکێک شیعری ئینگلیزی

# هاوسەری

نووسینی/ ئاڵدین نۆولان

لە پاش حەوت ساڵ
تازە خێزانەکەم سەرکەوتووانە
لەو ترسە بێمانایەی کە لە
هەورە تریشقە هەیەتی ئازاد دەکەم

ئەمشەو لە درزی پەردەی پەنجەرەکەوە
لە برووسکەیەکی ڕوانی
کە وەک گوڵێکی زێڕینی کەتە دەینواند
کە خۆ دەکوژێ بۆ سازانی دەنگ لە ئاسمان
کە دەشێ تەنێکی ڕەق بێ و درزی تێ کەوتبێ و
دەمی کردبێتەوە لە ئاسۆوە بۆ قوببەی ئاسمان

منیش پاش حەوت ساڵ سڵەمیمەوە
کە هەر ئەوەندەی لە ناخمدا چاندبوو.



# شیعری جۆنیس

شیعری : ئاڵدین نۆولان

جۆنیس وتی: بڕوانە شیعرێکم نووسیوە و
دایە دەستم
شیعرەکە سەبارەت بە باپیرەی بوو
کە هاوینی ڕابردوو کۆچی دوایی کرد و
دەربارەی منیش بوو کاتێک لە نەخۆشخانە بووم
ویستم بگریم ئەی نابینی
نەک لەبەر ئەوەی شیعرێکی زۆر باش نەبوو
بەڵکە لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەوە منم
باوکی ئەوم کە پێم دەوت
کاتێک شیعر بنووسە کە هەستێکی قووڵ و گرانت هەبێ

## شەوی جانیوەری کەنەدی

ڕەهێڵەی بەفرە
گردەکە وەک هەرەمێکی کریستاڵی ڕەش لە خوارەوەیەو
ماشێنەکان وەکو قالوچەی فۆسفۆریی بریقەدار دەخلیسکێن
وەختێک من ڕوو بە بایەکە و گوێڕایەڵانە ڕێ دەکەم
ترسێکی پێش وەختم هەبوو
لە پشکداری سەربەرزی
بەڵام هەرگیز تەواو نەبوو
ئەمە ئەو وڵاتەیە کە بە سادەیی
لە دەرەوەڕا گیراوە و
پیاو تێیدا دەتوانێ بمرێ

ئاڵدین نۆولانی شاعیر و ڕۆماننوس و ڕۆژنامەنووسی کەنەدی لە خێزانێکی دەست کورتی لادێیی لە نزین ویندزەر لە نۆڤە سکۆشیا لە ١٩٣٣ دایک بووە. نۆولان تەنیا لە ماوەی ٢٤ ساڵدا ٢٧ کتێب و ٣ شانۆگەریی نووسیوە و بژێوی ژیانی لە ڕێگەی کاری ڕۆژنامەنووسی و شیعرەکانییەوە دابین کردووە. نۆولان ڕێزێکی زۆر لە لایەن گۆڤار و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە پەیدا دەکا و هاوسەرگیرییەکی بەختەوەریش لەگەڵ کلاودین



ئۆوسەر پێک دەهێنێت و پەیوەندییەکی ئەوینداریش لەگەڵ کوڕەکەی جۆن دادەمەزرێنێت. نۆولان لە ساڵی ١٩٦٨ خەڵاتی پارێزگاری گشتیی کەنەدا، بۆ شیعر وەردەگرێت و هەر لەو ساڵەشەوە لە زانکۆی نیو برۆنزویک دەبێتە نووسەر و تا دوا ڕۆژی ژیانی هەر لەو پۆستە دەمێنێتەوە. نۆولان لە ساڵی ١٩٨٣ بۆ هەمیشە چاوی لێک نا.

سەرچاوەکان:

1- http://www.lib.unb.ca/Texts/QWERTY/Qweb/qwerte/nowlan/
2- Inside Poetry
Glen Kirkland & Richard Davies
Canada 1987
3- An Anthology of Canadian Literature in English
Revised & Abridged Edition
Russel Brown Donna Bennett & Nathalie Cooke
Canada 1990

# باڵندە

پاتریک لەین



ئەو باڵندەیەی کە گرتووتە، مردووە
پێم وتی کە دەمرێت
بەڵام تۆ لە وتەکانم تێ نەگەیشتی
ویستت دەستی بۆ بکەی بە قەفەس و
فێری فڕینی بکەی

جارێکی تر گوێ بگرەوە
نابێت باڵندە لەلای خۆت ڕابگریت
لە میانەی پەنجەکانتەوە ناتوانێ بفڕێ
بۆ هێلانە نیت
پەڕیش لە خوێن و ئێسک دروست نەبووە

تەنیا وشە
وەک باڵندە
بەسەر دیواری هەتاودا دەتوانێت بۆت بفڕێ
باڵندە شیعرە و
دەربارەی کۆتایی قەفەس دەدوێ



The Poet craft
Robert J. Ireland
Printed in Canada 1987
http://www.patricklane.ca/
http://www.ucalgary.ca/UofC/faculties/HUM/ENGL/canada/poet/p_lane.htm
http://thecanadianencyclopedia.com/index.cfm?PgNm=TCE&Params=A1ARTA0004509
http://www.harbourpublishing.com/author/PatrickLane

# لەو دیوی شیعرەوە

ڕیچاڵ کۆرن

لەو دیوی شیعرەوە بێستانێک هەیە
لە نێویدا ماڵێک هەیە
سەری بە پووش و سێ دار ئەناناس گیراوە
سێ پاسەوانیش بێ ورتە ئامادەباش ڕاوەستاون

لەودیوی شیعرەوە باڵندەیەک هەیە
قاوەییەکی زەردباوە و سنگیشی سوور
گشت زستانێک دەگەڕێتەوە و
چەشنی خونچەی نێو دەوەنێکی ڕووتەن خۆی هەڵدەخات

لەودیوی شیعرەوە ڕێگایەک هەیە
باریک هەروەکو تاڵەقژ
کە ونبوویەک بە پێ خاوسی و بە بێ خشپە هەنگاو دەنێ

لەودیوی شیعرەوە شتگەلێکی جوان ڕوو دەدەن
تەنانەت لەم ڕۆژە هەورە غێمەیەشدا



ئەم ساتە بریندارە هەناسەی تایەکی توند
لە شووشەی پەنجەرە دەدا

لەودیوی شیعرەوە دەشێ دایکم پەیدا ببێ و
لە نێو دەرگاکەوە بوەستێ و نقومی بیرکردنەوە ببێ
پاشان هەروەک جاری جاران بانگم بکاتەوە
تێر یاری نەبووی، ڕیچاڵ ئەی نابینی وا شەوە.

## گۆرانیی پایز

بلیس کارمەن

لە پایزدا شتێک هەیە لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە
پەیوەستە بە ڕەفتار و ئاماژەشە بە میزاژ
دڵیشم چەشنی ئاوازە
لەگەڵ زەرد و لەگەڵ پەمبە و لەگەڵ سووری تۆخی زەمەن

ڕەنگی قورمزی گەڵاکان دەمهەژێنن
وەک گریانی باگڵسەکان کە بەتەنیشتدا تێ دەپەڕن
ڕوحی تەنیاشم دەورووژێ
بۆ بینینی کرێوەی نێو باخچەکان وەک دووکەڵی سەر گردەکان

لە ئۆکتۆبەر شتێک هەیە خوێنی لەسەرەخۆی کۆچەر ساز دەکات
دەبێ هەڵسین و دوای کەوین
وەختێ هەموو گردەکان گڵپە دەکەن
بانگمان دەکات و بانگی هەریەک لە دەربەدەرەکان دەکات

1- The Poet_s Craft
Robert J. Ireland
Printed in Canada 1987



## پێکەنینی مۆنالیزا

نووسینی/ وینۆنا بەیکەر



دەزانم چی ئەو دەربڕینەی
بەخشیوەتە دەموچاوی
لە میانەی یەکێک لە دانیشتنەکانیدا
لیۆ بە مۆنای وت: "مۆنا دەزانی تۆ
بۆ کێشەی ژنان زۆر لێهاتووی"

وینۆنا بەیکەر لە ساسکاچوان لە کەنەدا لە دایک بووە. لە تەمەنی ٦ ساڵیدا دەگوێزنەوە بۆ برتش کۆلۆمبیای ڕۆژئاوای کەنەدا. وینۆنا لەگەڵ "ئارسەر"ی هاوسەریدا، چوار منداڵ پێ دەگەیەنن. وینۆنا دەڵێت "شەش کتێبی شیعرم بلاو کردووەتەوە کە شیعرەکانم زیاتر لە ٨٠ ئەنسۆلۆژی لە باکوری ئەمریکا، نیوزیلەند، یابان و ئەوروپا بڵاو بوونەتەوە. بەرهەمەکانم بۆ گەلێ زمان وەرگێڕدراون وەکو یابانی، فەرەنسی، یۆنانی، ئەڵمانی، کرواتی، یوگۆسلافی و ڕۆمانی".
وێنۆنا بەیکەر ئەندامی یەکێتی شاعیرانی کەنەدایە، ئەندامی فیدراسیۆنی نووسەرانی برتش کۆلۆمبیایە، ئەندامی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی "هایکو"، ئەندامی کۆمەڵەی ئەمریکی "تانکا"یە،

ئەندامی گرووپی شاعیرانی ئاشتییە. تا ئێستا ١٣ خەڵاتی پێ بەخشراوە

**سەرچاوە:**


1- http://www.poets.ca/linktext/direct/baker.htm

2 The Poet, s Craft
Robert J. Ireland
Printed in Canada 1987




## ئەمە شیعری من نییە

نووسینی / دێبۆراهـ گۆر

ئەمە شیعری من نییە
کاتێک نووسیومە ژانم پێوەی نەکردووە
ئەمە کاری نەبڕاوەی شەیتانە
کە ئێسکم دەهاڕێ و
دەیکاتە نووسین.

# گەڕانەوە

لو لیپستز

شەو تاریکە و
پێڵاوەکانم بەفری سەر ڕێگاکە دەشێلێت
دارەکان ئێستاش لەوێ دان
شوێنێکم نییە بۆی بڕۆم

جا لەو شوێنە تاریکەوە
هاتییە دەرێ و
خۆت هەڵدایە سەر شانەکانم
گەڕایتەوە
ئەی سوارە نامۆکە
هەڵت دەگرم.



# شیعر بۆ ڕۆشنبیران

لویس دەدێک

ئەگەر لە شیعرێکدا بڵێی" گیا سەوزە"
لێت دەپرسن" مەبەستت چی بوو؟"

تۆش دێیتە وەڵام " ئەم سروشتە فەرامۆش بکەن"
" لە ئاستێکی قووڵتر گەنجی دەبێت بمرێ"

ئەگەر لە شیعرێکدا بڵێی " گیا سوورە"
تێت دەگەن کە چیت وتووە. .

لویس کە لە ساڵی ٢٠٠١ ماڵئاوایی لە دونیای ئەدەب کرد، کۆمەڵێک شاکاری لە پاش خۆی بە جێ هێشت کە ئەمانەن:

١- یەکەیەک لە پێنج شیعر ١٩٤٤ لەگەڵ کەسانی تردا
٢- ڕۆژهەڵاتی شار شیعر ١٩٤٦
٣- سێربرۆس شیعر ١٩٥٢ (لەگەڵ ئارڤینگ لەیتۆن و ڕەیمۆن سۆستەر)
٤- گەڕانی وێنە ئەندێشاوییەکە شیعر ١٩٥٢
٥- بیست و چوار شیعر، (شیعر) ١٩٥٢

٦- ئەورۆپا، شیعر ١٩٥٤
٧- دەریایەکی ڕوون، (شیعر) ١٩٥٦
٨- لە مەکسیکۆ (شیعر) ١٩٥٨
٩- پێکەنینی ساقی گەڵا شیعر ١٩٥٨
١٠- ڕۆژنامەگەری و ئەدەب ـ لێکۆڵینەوە ١٩٦٠
١١- ئەتڵەنتیس، (شیعر) ١٩٦٧
١٢- یەکەمین کەس لە ئەدەب ـ وتاری ڕادیۆیی ١٩٦٧
١٣- کۆمەڵە شیعر (شیعر) ١٩٧١
١٤- ئیپیگرامس ـ شیعر ١٩٧٥
١٥- شیعری هەڵبژاردە (شیعر) ١٩٧٥

سەرچاوەکان:


http://www.geocities.com/canlit2002/dudeklouis.html
http://www.booksmags.com/Detail_Eternal-Conversations-Remembering-Louis-Dudek_55480191.aspx



## یادەوەریی شیعر

مایکڵ باڵۆک

لە دەرەوەی بۆشاییدا یادەوەری باڵندەیەک وێنا دەکەم
لە دەرەوەی زەوی یادەوەریی دارێک وێنا دەکەم
لە یادەوەریی باڵندەوە
لە یادەوەریی دارەوە
یادەوەریی شیعر دەسازێنم
کە کێشی لە "با" سووکترە و
بە بێ "با"ش دەفڕێت بە ئاسماندا.



وێنەیەک هەیە لێرە دابنرێت

مایکڵ باڵۆک، نووسەر و هونەرمەند و شاعیرێکی سوریالیستی بەریتانییە، لە شاری لەندەن لە ١٩١٨ لە دایک بووە. ساڵی ١٩٣٦ سەردانی پێشانگای سوریالیستە مەزنەکانی کرد لە گەلەریی نیشتمانی و لەو ساوە وەکو نووسەر و هونەرمەندێکی سوریالیست بەرهەمەکانی بڵاو کردووەتەوە. مایکڵ زیاتر لە ٥٠ کۆمەڵە شیعر و ڕۆمان و ٢ شانۆگەرییە. زۆرێک لە کتێبەکانی مایکڵ وەرگێڕاونەتە سەر زمانە ئۆرێنتاڵی و ئەورووپییەکان.
http://m_bullock.tripod.com/
http://m_bullock.tripod.com/bio.html

# خەون

لانگستۆن هیوز

خەونەکان زوو لە ئامێز نێ
نەوەک خەونەکان بمرن
ژیان باڵی شکاوی باڵندەیەکە
کە ناتوانێت بفڕێ

خەونەکان زوو لە ئامێز نێ
بۆ ئەو ساتەی کە دەڕۆن
ژیان کێڵگەیەکی وشکی
بەستەڵەکی بەفرە

نووسەرو گۆرانیبێژی ئەمریکی، لانگستۆن هیوز، لە یەکی شوباتی ساڵی ١٩٠٢ لە جۆپلین لەدایک بووە. هەر زوو دایک و باوکی لێک جیا دەبنەوە و لانگستۆنیش دەکەوێتە بەر سەرپەرشتیی دایکی و نەنکی. لە کانساس دەچێتە قوتابخانە و لە ساڵی ١٩٢٠ ئامادەیی لە کلیڤلاند لە ئۆهایۆ تەواو دەکات. لانگستۆن سروشتێکی زۆر بێدەنگ و هێمنی هەبوو. لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا، وەکو شاعیر و بەرپرسی (سەرنووسەری)



کتێبی ساڵ هەڵبژێردرا. توانایی ئەم شاعیرە لە ئاستێکدا بوو کە پاش مردنی گەلێک کتێب و نووسینی دەربارەی ژیاننامە و نامەکانی بڵاو کرانەوە. جێی باسە لانگستۆن خاوەن ستایلی مۆزیکی جیاکەرەوەی خۆی بوو کە تێکهەڵکێشێک بوو لە نێوان دایەلێکتی ئەفریکی-ئەمریکی لەگەڵ ڕیتمی جاز و بلوز (مۆسیقای غەمگینی کورت).

لە بەرهەمەکانی: ـ

١- مۆسیقا ماندووەکان ١٩٢٦

٢- شەکسپیر لە هارلێم ١٩٤٢

٣- بلیتی یەک سەرە ١٩٤٩

لانگستۆن دواجار لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا دڵی پڕ لە هیوا و ئاواتی لە لێدان دەکەوێت.

**سەرچاوەکان:**

http://www.essaysadepts.com/biographies/Langston_Hughes-31658.html
http://www.cartage.org.lb/en/themes/Biographies/MainBiographies/H/hugheslangston/1.html
http://www.encyclopedia.com/doc/1O142-HughesLangston.html

# ئارس پۆتیشیا

ئارچیباڵد ماک لیش

شیعر پێویستە هەستیار و هێمن بێت
وەک میوەیەکی خڕ بوو
بێدەنگ بێت چەشنی خەناوکەیەکی قەدیمەی پەنجە گەورە
کپ و هێمن وەکو چمکی کرمی بەردینی قەوزە لێ ڕواو
شیعر دەبێت بێ وشە بێت
وەکو فڕینی باڵندە
شیعر دەبێ لە زەمەندا بێ جووڵە بێ
چەشنی دەرکەوتن و ئاوابوونی مانگ
وەختێک چلاوچڵی دارەکانی شەو ئازاد دەکات و
چەشنی جێهێشتنی یادەوەری دوای یادەوەریی عەقڵ
لە پشت گەڵاکانی زستانەوە
شیعر دەبێ یەکسان بێ بە ناڕاستییەکان
بۆ سەرجەم مێژووی گۆڕ
بەر دەرگای چۆڵ و مەیپڵ لیف
بۆ خۆشەویستی
چەمانەوەی گژوگیا و تیشکەکانی سەر ڕووی دەریا



شیعر دەبێ مانای نەبێ و
ماناداریش بێت.

..........

ئارس پۆتشیا: وشەیەکی لاتینییە و مانای " هونەری شیعر" دەگەیێنێت. کە ناوونیشانی وتارێکی شاعیری ڕۆمانی " هۆراس"ە کە ٦٥-٨ پێش زایین ژیاوە.

**سەرچاوە:**
http://www.peibooks.ca/Authors/AldenNowlan.html

# یادەوەری

شیعری : دەیڤد هێلویگ

لەیەکەمین ئێوارەدا
کاتێ پێکرا پیاسەمان کرد
بەهار دەستی شاری دەگرت و
ئێمەش بەئاخافتن یان بەبێدەنگی
دەیان شەقامی نەناسراوی پڕ لە خانوومان دەبڕی
ئەو وەختەی شەو وەکو لێوی ناسکمان وا بوو
کە بە نێو تاریکیدا دەڕۆیشتین
پەنجەرە ڕووناکەکان ئەفسانەی سەدان جیهانی تایبەتیان پێک دەهێنا

ئەمێستاکەش لەو ماڵەی کە مناڵەکان نووستوون
لەگەڵ ڕووناکیدا دەژین
هەندێ جاریش لە میانەی پەنجەرەکەوە
تارمایی عاشقەکان دەبینین لە ئێوارە پیاسەیەکی سەر شەقامدا

1- http://www.geocities.com/canlit2002/helwigdavid.html

2- The Poet, s Craft
Robert J. Ireland
Printed in Canada 1987



# پێرست


لە جیاتی پێشەکی ........ 5

**چەند شیعرێکی خۆشەویستی** ........ 11

تیشک ........ 13

فەلسەفەی خۆشەویستی – نووسینی: پێرسی بایشی شێلەی ........ 15

یادت دەکەم – شیعری: دەیڤد کۆری ........ 18

خۆشەویستی – شیعری: ڕۆی کرۆفت ........ 20

هەموو ڕێگاکان دەمبەنەوە لای تۆ – شیعری: بلەینش شۆماکار ........ 23

گوناهە سووتاوەکانی کیشوەری ڕەش ........ 24

بۆ ژنێکی ڕەش پێست – شیعری: فاتیمە دیک ........ 27

کاریگەری – شیعری: ڕۆز ئۆسکۆویتز ........ 28

شیعر – شیعری: وێندی ویڵسن ........ 29

ژنێکی ئەفریکی – شیعری: کیم وەیت ........ 31

دایکێکی پەناهەندە – شیعری: دی سێپتەمبەر ........ 33

ژن – شیعری: ندالینی ڕادێبی ........ 35

کرێکارێک – شیعری: پۆرتیا ڕانکوەین ........ 36

ئیمیلی دیکینسۆن – شیعری: مارگرێت گۆف ........ 38

بڵێ نەخێر – شیعری: گسینە مهلۆپ ........ 40

کرێکارانی خۆماڵی – شیعری: سولابابا ........ 43

ئێمە لە جەنگداین – شیعری: گسینە مهلۆپ ........ 45

پرسیارێکی قورس – شیعری: کارین پرێس ........ 48

دایک – شیعری: ئینگرید جۆنکەر ........ 51

نامەیەکی نەنووسراو بۆ دایکم – شیعری: شێری کلەیتۆن ........ 52

ئارچی ڕاندۆڵف ئامۆنز – شاعیر و نووسەری مۆدێرنی ئەمریکی ........ 54

دەنگی بێدەنگی – شیعر و گۆرانی: پاوڵ سایمۆن ........ 62

مارگرێت ئات ود – شاعیر و ڕۆماننووس و نووسەری کەنەدی ........ 66

ئەمە وێنەی منە ........ 73

حونجە کردن ..... 75
گۆرانیی پەری ..... 78
مێدوسا – شیعری / لویس بۆگان ..... 61
نانۆ ساکاکی – شاعیری گەڕیدەی یابانی ..... 85
با ئەستێرەکان بخۆین ..... 85
ڕێز لێنان لە شەڕی کەنداو ..... 86
تەنیا بەسە ..... 86
موعجیزە ..... 87
ئەگەر کاتت هەبوو ..... 88
یەک دوو سێ چوار ..... 89
چەند کورتە شیعرێک لە کتێبی "شکاندنی ئاوێنە"وە ..... 89

**چەپکێک شیعری ئینگلیزی** ..... 95
هاوسەری – نووسینی/ ئاڵدین نۆولان ..... 97
شیعری جۆنیس – شیعری : ئاڵدین نۆولان ..... 98
شەوی جانیوەری کەنەدی ..... 99
باڵندە – پاتریک لەین ..... 101
لەو دیوی شیعرەوە –  ڕیچاڵ کۆرن ..... 103
گۆرانیی پایز – بلیس کارمەن ..... 105
پێکەنینی مۆنالیزا – نووسینی/ وینۆنا بەیکەر ..... 106
ئەمە شیعری من نییە – نووسینی / دێبۆراه گۆر ..... 108
گەڕانەوە – لو لیپستز ..... 109
شیعر بۆ ڕۆشنبیران – لویس دەدێک ..... 110
یادەوەریی شیعر – مایکڵ باڵۆک ..... 112
خەون – لانگستۆن هیوز ..... 113
ئارس پۆتیشیا – ئارچیباڵد ماک لیش ..... 115
یادەوەری – شیعری : دەیڤد هێڵویگ ..... 117